بسم الله الرحمن الرحيم

## پێڕستی بابەتەکانی ژمارە ( ٢١ ) :


| لاپەڕە | ناوی بابەت | ناوی ئامادەکار |
|---|---|---|
| ٢ | با هەموو هاریکاری یەکتر بین لەیاساغی کردن لەخراپە ، ئەگەر نە با.... | سەرنوسەر |
| ٣ | گەورەیی وپاداشتی ڕەوشت جوانی.......................... | أبو بكر أحمد |
| ٥ | ڕازی بوون بەقەدەری خوای گەورە .......................... | جليل إبراهيم |
| ٦ | نیشانەکانی بێ ئاگایی ......................................... | زانست |
| ٧ | حوکمی نوێژکردنی پیاوان بە پۆشاکی درێژەوە ..................... | هاوار عبدالله |
| ٩ | ئیمانداران وریای گومانی خراپ بن .................................. | هیوا زیرەك |
| ١١ | زیانەکانی خوی نهێنی لە ڕووی پزیشکیەوە ........................ | سایتی بەهەشت |
| ١٢ | سەرخستنی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ........................ | کاروان حمەباقی |
| ١٣ | وەسفی قورئان لە قورئاندا .......................................... | إدريس محمود |
| ١٥ | گرنگترین گۆڤارە رۆژهەڵاتناسیەکان و دیارترین کەسایەتیەکانیان ....... | علی خان |
| ١٧ | لاوانی ئیسلام ئاگابنەوە ............................................ | بلال جلال |
| ١٨ | پیلانەکانی شەیتان .................................................. | پشتیوان حسن |
| ٢٠ | ولتنظر نفس ماقدمت لغد ........................................... | ئاشنا کریم |
| ٢١ | سەلامەتی سنگ لە کینە و حەسادەت ........................................ | حيدر عدنان |
| ٢٣ | ( غەیبەت تاوانە) بەربڵاوەکە .................................. | صلاح فائق |
| ٢٤ | پرسیار و وەڵامی شەرعی ........................................ | زانست |


**تێبینـی** : بۆ ئەو فێرخوازە ئازیزانەی کە دەیانەوێت بابـەتیان بڵاوبێتـەوە ، زانـست ئـەو دەرفەتـەیان بـۆ دەڕەخـسێنێت ، بـەڵام بابەتـەکانیان بـەپێی مـەرجی بڵاوکراوەکە بێت ، لەوانەش :

١ . بابـەتی دووبـارە نـەبێت ... ٢ . ئەگـەر وەرگێراوە ئاماژە بە ناوی سەرچاوە بکرێت ... ٣ . تا دەتوانرێت کورت و پوختکراو بێت ... ٤ . ئامادەکار ناوی سیانی و کۆلێژ و بەشەکەی بنووسێت ... ٥ . تایپکراو بێت .

بـە ڕەخنـە و پێـشنیارەکانتان بڵاوکراوەکـەتان دەوڵەمەندتر بکەن ... لە گەڵ ڕێزماندا .

بۆ پەیوەندی:

٠٧٧٠٢٩١٢٦١٣

Zanest@Gawab.com

بۆ دەستکەوتنی زانست لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت سەردانی ماڵپەری بەهەشت بکەن

**www.ba8.org**

**سەرنووسەر :**

عدنان بارام . دەرچووی عربی . صلاح الدين .

**دەستەی نووسەران :**

هاوار عبدالله . دەرچوی کۆمەڵایەتی کەلار

علی محمد . دەرچوی کۆمەڵایەتی کەلار

ئەندازیار : صلاح فائق

**وورد بین و هەڵە چن:**

هیوا زیرەك

**سەرپەرشتیاری چاپ**

جليل إبراهيم

## با هەموو هاریکاری یەکتر بین لەیاساغی کردن لەخراپە. ئەگەرنە با ...

بێگومان لە دەقی سەرچاوەکانی ئایینی ئیسلامی پیرۆزماندا ـ کە قورئان و سوننەتە ـ باس لەوە کراوە کە باوەڕداران هەموو ـ بە نێر و مێیانەوە ـ هاریکاری یەکتر لە فەرمانکردن بەچاکە و یاساغیکردن لەخراپە ، هەروەك خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴾ ( التوبة : ٧١ ) ، واتە : باوەڕدارانی پیاوان و باوەڕدارانی ئافرەتان هەندێکیان دۆست و پشتیوانی یەکن ، فەرمان بەچاکە و یاساغی لە خراپە دەکەن ، و نوێژەکانیان بەجوانی بەبێ کەم و کورتی و لەکاتی خۆیدا ئەنجام دەدەن ، و زەکاتی ماڵ و سامانەکانیشیان دەدەن ، گوێڕایەڵی خوای پەروەردگار و پەیامبەرەکەی دەکەن ، ئەوانەن کە خوای پەروەردگار بەزەیی پێیاندا دێتەوە ، و خوای پەروەردگاریش بەتوانا و دانایە .

وە لە ئایەتێکی تردا خوای دانا فەرمان بەهاریکاری لەنێوان موسوڵمانان دەکات و دەفەرموێت : ﴿ وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى ﴾ ( المائدة : ٢ ) ، واتە : هاریکاری یەکتر بکەن لە چاکەدا .

گومان لەوەشدا نیە کە ئەم فەرمانە بۆ چاکسازی تاك و کۆمەڵگایە ، و بەدورگرتنیانە لە هەموو خراپەیەك ، چونکە خراپە کە لە کۆمەڵگا بڵاو بوویەوە ، هەموو تاکەکانی زەرەرمەند دەبن ، پەروەردگار کۆمەڵگای موسوڵمانان لە هەموو خراپەیەك بپارێزێت .

بۆیە پێویستە لەسەر هەموو باوەڕدار و ڕۆشنفکرانی موسڵمانان هەوڵی ئەوە بدەن کە ڕێگری و یاساغی بکەن لەهەموو خراپەیەك کە لەکۆمەڵگادا ڕوو دەدات ، جا ئەو خراپەیە لەڕووی بیروباوەڕەوە بێت ، یان لە ڕووی پەرستش و لایەنە ڕەوشتیەکانی تاك و کۆمەڵگا ، یان لەڕووی موعامەلات و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی تاکەوە بێت ، وە نابێت بووترێت : مرۆڤ تەنها موکەلەفە بەخۆی و حەقی کەسی تری نیە !!! و یان بووترێت : بزن بەقاچی خۆی و مەڕیش بەقاچی خۆی !!!! چونکە ئەگەر تاکە خراپ و ناتەندروستەکانی کۆمەڵگا هەستان بە ئەنجامدانی خراپە و کەس نەبوو ڕێگری بکات لەو خراپەیەی کە ئەنجامی دەدەن ، و موسوڵمانان هاریکاری یەکتریان نەکرد لەیاساغی لێکردنیان ، ئەو کاتە موسوڵمان دەبێت لەوە بترسن کە هەمان سزای ئەوانەیان بەرکەوێت کە خوای پەروەردگار سەبارەتیان فەرموویەتی : ﴿ لُعِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ عَلَى لِسَانِ دَاوُودَ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ذَلِكَ بِمَا عَصَوْا وَكَانُوا يَعْتَدُونَ **كَانُوا لَا يَتَنَاهَوْنَ عَنْ مُنْكَرٍ فَعَلُوهُ** لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَفْعَلُونَ ﴾ ( المائدة : ٧٨ ـ ٧٩ ) ، واتە : بێ باوەڕانی بەنی ئیسرائیل نەفرینیان لێکرا لەسەر زمانی پەیامبەران : داود و عیسای کوڕی مەریەم ـ صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێت ـ ئەوەش لەبەر ئەوەی کە سەرپێچیکار و ستەمکار بوون ، **وە لەبەر ئەوەش کە یاساغی و ڕێگریان نەدەکرد لەو خراپانەی کە تێیاندا رووی دەدا** ، بەڕاستی ئەو کارەیان خراپترین کاربوو کە ئەنجامیان دەدا .

یان ئەم فەرموودەیەی پێشەوامان(صلی الله علیه وسلم) بەسەریاندا جێگیر بێت ، هەروەك ( أبو بكر الصديق رضي الله عنه) لێیەوە بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی : (( ما من قومٍ يُعمَلُ فيهم بالمعاصي ، ثم يقدرون على أنْ يغيِّروا ، فلا يغيِّروا ، إلا يُوشِكُ أنْ يعمَّهم الله بعقابٍ )) ( رواه الإمام أحمد ، وأبو داود ، و ابن ماجه ، والترمذي ، وصححه العلامة الألباني في : السلسلة الصحيحة ، : ٣٣٥٣ )

واتە : **هەر گەل و نەتەوەیەك تاوانیان تێدا ئەنجامدرا ، و توانای گۆڕینیان هەبوو ، و پێی هەڵنەسان**

**، ئیللا نزیکە کە خوای پەروەردگار سزایەکی گشتی یان بەسەردا بدات**

بۆیە پێویستی سەرشانی هەموانە کە : **هاریکاری یەکتر بکەین لەیاساغی کردن لەخراپەی تاکەکانی کۆمەڵگا ، ئەگەر نە ـ خوا پەنامانداتـ ـ ئاکام و عاقیبەت بەرکەوتنی نەفرینی خوای پەروەردگار و تووشبوونی هەموانە بە سزا و بەڵایەکی گشتی ، کە تەڕ و وشکی پێوە دەسووتێت !!!**

لەسەر ئەم بنەوایە ـ و بۆ ساڵی چوارەمی ـ (**بڵاوکراوەی زانست** ) کە : مینبەرێکی زانستی و ڕۆشنبیری و ئایینی بێ لایەنە ـ پاش دابڕانی ساڵێك لە خزمەتکردنی بۆ موسڵمانان بەگشتی ، و چین و توێژی فێرخوازانی زانکۆ و پەیمانگاکان بەتایبەتی ـ جارێکی تر پەڕەکانی خۆی واڵا دەکات بۆ هەموو نووسەرێکی ڕەوا بێژ و ڕاست ویست ، کە دەستی هاریکاری درێژدەکاتەوە بۆ دەستەی نووسەران و ستافی بەڕێوبەری ئەم بڵاوکراوەیە بۆ فەرمان کردن بەچاکە و یاساغی کردن لەخراپە ، ئەوەش وەك پیادەکردنێك بۆ پەیڕەوی هاریکاری لە نێو موسڵمانان ـ ـ کە سەرەتا خرایەڕوو ـ وە بۆ دەستگرتنی تاوانباران و ڕزگارکردنیان لەوەی کە گیرۆدەی بوون و لەسەرین ، ئەوەش بۆ بەرژەوەندی تاك و کۆمەڵگا ... بەهیوای کەم تەرخەمی نەکردنی هەموان لەم پەیامە پیرۆزە .

وَآخِرُ دَعْوانا أَنِ الْحَمْدُ لِلّٰهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

**سەرنووسەر**

(فضیل) کوڕی (عیاض)

ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەڵێت:

**﴿ هیوا درێژی لە بەدبەختیەوەیەو ئاوات کورتیش لە خۆشبەختیەوەیە ﴾**

## گەورەیی وپاداشتی ڕەوشت جوانی

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله ، وعلى آله وصحبة أجمعين ... أَمَّا بَعْدُ :

باوەڕداری خۆشەویست: لە خواترسانو پابەند بوون بەسنورە شەرعیەکانەوە بنچینەی کاری چاکەیە، وە مامەڵە کردنو هەڵسو کەوتو ڕەوشتی جوانیش لەگەڵ خەڵکیدا فەرمان پێکراوە لەلایەن خوای پەروەردگارەوە پاشان لەلایەن پێغەمبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) وە بەدڵنیایی فەزڵو پاداشتی ڕەوشت جوانی گەلێك زۆرە بە پشتیوانی خوای پەروەردگار هەندێك لەو فەزڵو پاداشتانە باس دەکەین کە بەهۆی ڕەوشت جوانییەوە دەستمان دەکەوێت، لەوانە:

**یەکەم: باوەڕداری ڕەوشت جوان پابەندی فەرمانی پێغەمبەری خوایە** (صلى الله عليه وسلم) **:**

**هاوەڵی خۆشەویست ( موعازی کوڕی جەبەل** (رضي الله عنه) **فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا** (صلى الله عليه وسلم) **ئامۆژگاریم بکە، ئەویش فەرمووی: ( وَخَالِقِ النَّاسَ بِخُلُقٍ حَسَنٍ )** . صَحِيح الْجَامِع للشَّيْخ الأَلْبَاني (٩٧) **، واتە : تێکەڵی خەڵك بکەو ڕەوشتو هەڵسوکەوتت جوان بێت لەگەڵیاندا، هەروەك چۆن حەز دەکەیت خەڵکی ڕەفتارو هەڵسوکەوتی لەگەڵتا جوان بێت .**

**دووەم : باوەڕداری ڕەوشت جوان خۆشەویست ترین کەسە بەلای خوای پەروەردگارەوە : پێغەمبەری خوا** (صلى الله عليه وسلم) **فەرموویەتی: ( أَحَبُّ عِبَادِ اللَّهِ إِلَى اللَّهِ أَحْسَنُهُمْ خُلُقًا )** صَحِيح الْجَامِع للشَّيْخ الأَلْبَاني **(١٧٩) ، واتە: خۆشەویسترین بەندەی باوەڕدار لەلای خوای پەروەردگار ئەوکەسەیە کە ڕەوشتی جوانە .**

**سێیەم: باوەڕداری ڕەوشت جوان نزیکترین بەندەیە لە پێغەمبەری خواوە** (صلى الله عليه وسلم) **لە ڕۆژی دواییدا : پێغەمبەری خوا** (صلى الله عليه وسلم) **فەرموویەتی: ( وَأَقْرَبَكُمْ مِنِّى فِى الآخِرَةِ مَجَالِس، أحَاسِنُكُمْ أَخْلاَقاً )** صَحِيح

الجَامِع (١٥٣٥) . واتە: وە نزیکترین کەستان لەمنەوە لە ڕۆژی دواییدا، چاکترین جوانترین و ڕەوشت جوانتانە .

**چوارەم: ڕەوشت جوانی هۆکارە بۆ چوونە بەهەشت :** پرسیار کرا لە پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) دەربارەی زۆرینەی خەڵك بەهۆی چی یەوە دەچنە بەهەشتەوە، ئەویش فەرمووی: ( تَقْوَى اللَّهِ وَحُسْنُ الْخُلُقِ) . السِلْسِة الصَحِيحة (٩٧٧) واتە: لە خواترسان و پابەند بوون بەسنورە شەرعیەکانەوە ، وە ڕەوشتی جوان لەگەڵ خەڵکید .

**پێنجەم: قورسترین کردەوەیە لەتەرازووی دواڕۆژدا :** پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی: ( مَا مِنْ شَيْءٍ فِي الْمِيزَانِ أَثْقَلُ مِنْ حُسْنِ الْخُلُقِ ) صَحِيح الجَامِع(٥٧٢١) واتە: هیچ کردەوەیەك نی یە کە لە تەرازووی کردەوەکاندا قورستربێت بە ئەندازەی ڕەوشت جوانی(لەدوای یەکتاپەرستی) .

**شەشەم: باوەڕدار بەهۆی ڕەوشت جوانییەوە دەگات بە پلەی ئەوانەی کە بەشەو شەو نوێژ دەکەن :** پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی: ( إِنَّ الْمُؤْمِنَ لَيُدْرِكُ بِحُسْنِ خُلُقِهِ دَرَجَةَ الصَّائِمِ الْقَائِمِ ) صَحِيح الجَامِع (١٩٣٢)

واتە: بەڕاستی مرۆڤی باوەڕدار بەهۆی ڕەوشت جوانییەکەیەوە دەگات بە پلەی ئەوانەی کە بەشەو شەو نوێژ دەکەن و بەڕۆژیش بەڕۆژوو دەبن، (مەبەست ڕۆژووی سوننەتە) .

**حەوتەم: ڕەوشت جوانی باشترین بەخششە :** پرسیار کرا لە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەربارەی خێرترین و باشترین بەخشش؟ ئەویش فەرمووی: خوو ڕەوشت جوانییە .

**هەشتەم: هیچ کردەوەیەك نی یە باوەڕدار جوان بکات بەوێنەی ڕەوشت جوانی :** پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی: ( عَلَيْكَ بِحُسْنِ الْخُلق، وَطُولِ الصَّمْتِ ، فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ مَا تَجَمَّلَ الْخَلائِقُ بِمِثْلِهِمَا ) صَحِيح الْجَامِع للشَّيْخ الأَلْبَاني (٤٠٤٨) . واتە: پابەندبن بەڕەوشت جوانییەوە، وە پابەندیش بن بە بێ دەنگبوونی بەردەوام، چونکە سوێند بەوەی کە گیانی منی بەدەستە هیچ کردەوەیەك نییە کە مرۆڤەکان بڕازێنێتەوە بەوێنەی ئەو دوانە .

**نۆیەم: باوەڕداری ڕەوشت جوان لە بەرزترین شوێنی بەهەشت کۆشکی بۆدروست ئەکرێت :** پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی: ( أَنَا زَعِيمٌ بِبَيْتٍ فِي أَعْلَى الْجَنَّةِ لِمَنْ حَسَّنَ خُلُقَهُ ) صَحِيح الْجَامِع (١٤٦٤) . واتە: وە من کۆشکێك لە بەرزترین شوێنی بەهەشت مسۆگەر دەکەم بۆ کەسێك کە ڕەوشتی جوان بێت .

**دەیەم: باوەڕداری ڕەوشت جوان چاکترین بەندەیە :** پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی: ( أفضل الْمُؤْمِنِينَ إِيمَانًا أَحْسَنُهُمْ خُلُقاً ) صَحِيح الْجَامِع للشَّيْخ الأَلْبَاني (١١٢٨) . واتە: چاکترین و باشترینی باوەڕداران کە باوەڕەکەیان تەواو و دامەزراو بێت، ئەو کەسانەن کە ڕەوشتیان جوانە .

**یانزەیەم: ڕەوشت جوانی هۆکارە بۆ لەناوچوونی دوژمنایەتی و بەرپابوونی دۆستایەتی :** خوای پەروەردگار دەفەرمووێت : ﴿ وَلَا تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلَا السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ ﴾ ( فصلت: ٣٤ ) . واتە : چاکەو خراپە وەك یەك نین، بەچاکترین شێوە وەڵامی خراپە بدەرەوە (خراپە بەچاکە ڕەت بدەرەوە، نەك خراپە بەخراپە ڕەت بدەیتەوە) چونکە ئەگەر خراپە بەچاکە ڕەت بدەیتەوە، ئەوا ئەو کەسەی کە دوژمنیشتە ئەبێت بەدۆستێکی خۆشەویستت .

**لە کۆتاییدا** ... ئەمە گوڵبژێرێك بوو لە فەزڵ و گەورەیی و پاداشتی ڕەوشت جوانی .

**ئامادەکردنی :** أبُوبَكْر أحمد .....

*ڕازی بوون بە قەدەری خوای گەورە*

خوشك و برایانی موسڵمانم :

السلام علیکم ورحمة الله وبرکاته

ڕازی بوون بەقەدەری خوا پایەیەکە لە پایەکانی ئیمان ، و بنەڕەتی ئارامی و بەختەوەری یە ،وە ئێمەی مرۆڤ لە ژیانی دونیادا بە چەندین تاقی کردنەوەدا تێدەپەڕین ، و هیچ کەسێك نیە ئیللا توشی تاقی کردنەوەی خوایی دەبێت ، جا بەختەوەر ئەو کەسەیە کە لە تاقی کردنەوەکاندا سەرکەوتوو بێت و جڵەوی نەفسی بگرێت و نەیداتە دەست شەیتانی نەفرین لێ کراو و ڕازی بێت بەقەدەری خوای گەورە ،چونکە ئەو کەسانەی کەوا لە تاقی کردنەوەکاندا دەرناچن و خۆیان تەسلیمی شەیتان و نەفسی بەدکاریان دەکەن ، دەبینی بەرەو سەرلێشێواوی و دڵتەنگی و خەمۆکی دەڕۆن بە بێ ئەوەی هەست بە خۆیان بکەن ، وە بێ ئاگان لەوەی کە مەرج نیە هەر شتێك کە تۆ پێت خۆش بێت و خوای گەورە بۆت نەکات ئەوە شەڕی تێدایە ، نەخێر بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕەنگە خێرێکی زۆر گەورەی تێدا بێت و ئێمە پێی نەزانین .

خوای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿.... وَعَسى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئاً وَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ وَعَسَى أَنْ تُحِبُّوا شَيْئاً وَهُوَ شَرٌّ لَكُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لا تَعْلَمُونَ﴾

واتە : لەوانەیە لەشتێك حەزنەکەن و ناخۆش بێت لاتان، بەڵام خێروچاکەی تێدا بێت و بەخێریش گەڕێ ، هەروەها ڕەنگە شتێکتان پێ خۆش بێت کەچی شەڕو خراپ بێت و ئاکامەکەی باش نەبێ، بێگومان هەر خوا خۆی دەزانێت (خێر لە چیدایە)، ئێوە نایزانن.

لە ڕاستی دا ئێمەی موسوڵمان کە خۆمان بە بەندەو ملکەچی فەرمانەکانی خوای پەروەردگار دەزانین لە سۆنگەی ئەم ئایەتە پیرۆزەوە ئەبێت بەتەواوەتی دڵ ئارام و بێ گومان بین کە تەنها خوای پەروەردگار دەزانێت و زانایە بەوەی کە چ شتێك خێری تێدایە بۆمان و چ شتێك شەڕی تێدایە ، و نابێت تەنها بە عەقڵی خۆمان کە زۆر جار سۆز و عاتیفە زاڵ بوە بەسەریدا بڕیار بدەن کە ئەگەر ئەوکارە بکەم ئەوا خێری تێدایە ، ئەگەر ئەو کچە ببێت بە هاوسەرم ئەوا بەختەوەر دەبم و خێری تێدایە ......هتد



ئەگەر بە وردی بیرێك لە واقعی دەوروبەری خۆمان بکەینەوە چەندین ڕووداوی لەو جۆرەمان دێتە پێش چاو کە کوڕێك کچێکی خۆش ویستوە دوایی بە بیرکردنەوەی خۆی وای زانیوە ئیتر مادام ئەم کوڕ و کچە یەکیان بە دڵە ئیتر بۆ یەك دەبن و بەخەیاڵ بەهەشتێکیان بۆ خۆیان دروست کردوە ، بەڵام بێ ئاگا بوون لەوەی کە لای خوای گەوری چی نوسراوە ، و دوایی کە بۆ یەك نابن ئەم کوڕە هەست بە خەمباریەکی زۆر دەکات و زۆر جاریش توشی ناشوکری و کوفر دەبێت و دنیای لە پێش چاو ڕەش دەبێت، تا وای لێ هاتووە کە گەنجێك ئامادەیە خۆی بکوژێت لە پێناو خۆشەویستەکەیدا ، هەروەك لەم ڕۆژانە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك وێنەیەکم بەرچاو کەوت کە گەنجێك لەسەر قەبرێك خۆی کوشتووە دوای ئەوەی کە هەواڵەکەم خوێندەوە بینیم کە ئەم کوڕ و کچە حەزیان لەیەك بووە دوای ئەوەی کچەکە لەداخی ئەوەی کە ماڵەوەیان ڕازی نەبونە بەهاوسەرگیری لەگەڵ ئەم کوڕەدا خۆی کوشتوە پاشان کوڕەکەش کە دەبیستێ خۆشەویستەکەی خۆی کوشتوە ئەمیش دەڕواتە سەر قەبرەکەی و خۆی دەکوژێت.

بۆیە خوشك و برایانی بەڕێزم سەرەتا ئامۆژگاری بۆ خۆم پاشان بۆ ئێوەی بەڕێزیش ئەوەیە کە هەرکات شتێکی وا ڕووی دا کە بە دڵ و حەزی ئێمە نەبوو ئەبێت خێرا بیر لەو ئایەتەی پێشوو بکەینەوە و دڵ ئارام بین و سوپاسی خوای پەروەردگار بکەین کە شتێکی لێمان لاداوە کە شەڕ و خراپە بووە و ئێمە نەمانزانیوە .

لە کۆتایدا دەڵێم :پێویستە لەسەر ئێمە پشت بەخوای گەورە ببەستین و تەوەکولمان هەر لەسەر خوا بێت و بە پێی توانا هۆکارە شەرعیەکان بگرینە بەر دوای ئەمانەش ئەگەر شتێك پێچەوانەی حەزی ئێمە ڕووی دا ئەبێت ئەو ئایەتەی سەرەوە بە بیر خۆماندا بێنینەوە و ڕازی بین بەقەدەری خوای گەورە ،و دڵمان ئارام بێت و هیچ جۆرە ناشوکری و ناڕەزایەك دەرنەبڕین نە بە دڵ نە بەزمان ، ئەگەر وامان کرد ئەوا بێ گومان خوای گەورە لە لایەکی ترەوە بۆمان پڕ دەکاتەوە و توشی خێرمان دەکات .

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته

باوکی محمد / جليل إبراهيم علی

دەرچووی پەیمانگای کوردستان بۆ پێگەیاندنی پێش نوێژو وتار خوێن.

================================

## نیشانەکانی بێئاگـایـی

خوێنەری خۆشەویست بێئاگایی چەند نیشانەیەکی هەیە، جا هەرکاتێك یەکێك لەونیشانانەت هەست پێکرد لەخۆتدا ئەوا بزانە کەلە مەترسیدایت، ولێپرسینەوەی خۆت بکە وفریای ئەوە بکەوە کەلەدەستت چووە، وەدەست بکە بەبەرەنگاربوونەوەی ئەم نیشانانە بەڕێگەی شەرعی ودروست بۆئەوەی هەتاهەتایە ڕزگارت بێت. لەو نیشانانەش:

١- هاوبەش بڕیاردان بۆخوا، کەلە گەورەترینی نیشانەکانی بێئاگاییە.

٢- بێباوەڕی ودووڕویی.

٣- ئەنجامدانی کارەقێزەونەکانی وەك زیناو نێربازی وخواردنەوەی مەی وجگە لەوانەش.

٤- لەدەستدانی نوێژەکان ونەکردنی لەکاتی خۆیداو لەمزگەوت بەکۆمەڵ.

٥- کەم یادکردنی خوا.

٦- کەم خوێندنی قورئان.

٧- وازهێنان لەدوعاوپاڕانەوەو ڕووکردنەخوا.

٨- خۆشویستنی دونیاو هەوڵ ولێبڕاوی بۆ کۆکردنەوە وهەڵگرتنی.

٩- خۆچوواندن بە دوژمنانی خوا لەجل وبەرگ وشێواز و ڕێچکەیاندا.

١٠- هاوڕێیەتی کردنی کەسی خراپ وئەوانەی خوا یادت ناخەنەوە.

١١- کات بەسەربردن لەشتی پڕوپووچ وبێسوودا.

١٢- زۆر خواردن وخواردنەوەو خەوتن وتێکەڵاوی، چونکە سەردەکێشێ بۆ خراپبوونی دڵ وتەمەڵی ئەندامەکان لە پەرستش.

١٣-گوێگرتن لەگۆرانی وسەیرکردنی کەناڵە ژەهراویەکانی فەساد.

١٤- خۆنەپاراستـن لە حەرام وحەڵاڵ.

١٥- ئەنجامدانی حەرامکراوە ڕووکەشیەکانی وەك: بەکارهێنانی مادەی بێهۆشکەرو جگەرەو شەرواڵ شۆڕی (پیاوان)و ڕیش تاشین و، سفوری ئافرەت ودەرچوونیان بۆ شوێنان بەجوانی وڕازاوەیی و بۆنداری وجگەلەمانەش.

ئا- زانست

## حوکمی نوێژکردنی پیاوان بە پۆشاکی شۆڕەوە

الحمد لله وحده ، و الصلاة والسلام على من لا نـبـي بعده :

**لەبەر کردنی جلی شۆڕ لە خوارووی قاپدان (قولەپێ) وە چ بۆ فیز و تەکەبور لەبەر بکرێت ، یان وەکو خویەك یان وەکو دابونەریت هیچ فەرقی نیە و تاوانێکی زۆر گەورەیە و چەندین فەرمووده لەسەر ترسناکی تاوانی لەبەرکردنی ئەم جۆرە جل و بەرگە هاتووە ، ئەم جۆرە جلەیش پانتۆڵ و شەرواڵی کوردی و دشداشەیش ئەگرێتەوە . لەو فەرمودانەش لەبارەی جلی شۆڕەوە هاتوون :**

**١ / پەیامبەری خوا** صلى الله عليه وسلم **ئەفەرموێت: سێ جۆر کەس هەن لە قیامەتدا خوای پەروەردگار نایاندوێنێ و ڕویان تێناکاو لە تاوان پاکیان ناکاتەوە و سزایەکی توندیان دەبێت ... کەسێك جلی شۆڕ لەبەر بکات .**

**٢/ پەیامبەری خوا** صلى الله عليه وسلم **ئەفەرموێت: ئەو جل و بەرگەی لە خوار قاپدانەوە بێت ئەوە لە ئاگردایە .**

**(لێرەدا مەبەست پێی ئەو کەسەیە کە جلەکەی شۆڕ کردۆتەوە لە ئاگردایە ) .**

**٣/ لە هبیب بن مغفل** رضي الله عنه **ئەفەرموێت گوێم لە پەیامبەری خوا** صلى الله عليه وسلم **بوو ئەیفەرموو : هەرکەسێك بۆ فیز و تەکەبور جلەکەی ژێر پێی بکەوێ ئەوا ژێر ئاگر دەکەوێ .**

**٤/ لە ابن مسعود ەوە ئەفەرموێت : گوێم لە پەیامبەری خوا** صلى الله عليه وسلم **بوو ئەیفەرموو : هەرکەسێك بە جلی شۆڕەوە نوێژ بکات بۆ فیزو تکبر ئەوە باوەڕی بە حەڵاڵ و حەرامی خوا نیە .**

**٥ / پەیامبەری خوا فەرمویەتی : ئامان نەکەی جلەکەت شۆڕبکەیتەوە چونکە شۆڕی جل لە فیز زلیە ، وە خوای پەروەردگاریش پێی خۆش نیە .**

**جێگەی خۆیەتی ئاماژە بکەین بەوەی کە فەرمودەی ژمارە ( ٣ و ٤ ) هەندێك خەڵکی نەفامی ناشارەزا ئەیکەنە بەڵگە بۆ ئەوەی ئەگەر بۆ فیز و تەکەبور نەبێ ئاساییە ، بەڵام ئەمە دەعوایەکی پوچەڵە چونکە لە فەرمودەی ژمارە ( ١ و ٢ ) بە هیچ شێوەیەك باسی تەکەبور و فیز زلی تیا نیە ، تەنانەت لە فەرمودەیەی ژمارە (٥) پەیامبەری خوا** صلى الله عليه وسلم **زۆر بە ڕاشکاوانە تەئکید ئەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە خودی جل شۆڕیەکە لە تەکەبور و فیز زلیە هەروەك ئەفەرموێ : ئامان نەکەی جلەکەت شۆڕبکەیتەوە چونکە شۆڕی جل لە فیز زلیە ، وە خوای پەروەردگاریش پێی خۆش نیە .**

**دەبینین لەم فەرمودەیە هیچ باسی فیز و تەکەبوری نەکردووە بەڵکو بە پێچەوانەوە خودی جل شۆڕکردنەوەکەی بە فیز و تەکەبور ناوبردوە .**

**لەم فەرمودانەوە گەورەیی تاوانی لەبەرکردنی ئەو جۆرە جلانەمان بۆ دەردەکەوێ کە هۆکاری چونە ئاگرن ، و خوای پەروەردگار ناڕوانێ بۆ لەبەر کەری و نایدوێنێ و لەتاوان پاکی ناکاتەوە ، تەنانەت لە فەرمودەیەکیان خودی ئەو جۆرە جلە بە فیز و تەکەبور ناوی هاتووە با ئەوەش لەبەری بکات ئیدعای ئەوە بکات کە بۆ تەکەبور نیە ، ئەم کردەوەیەش خوا پێی خۆش نیە ، جلێکیش خوا پێی خۆش نەبێ چۆن لەو کاتە لەبەری ئەکەیت کە لەگەڵ خوادا قسە دەکەیت و لێی دەپاڕێیتەوە کە نوێژکردنە ؟**

**زانایانیش زۆر بە توندی باسی ترسناکی ئەم جۆرە جلەیان کردوە و بە حەرام و تاوانی گەورە دایان ناوە با بۆ تەکەبوریش نەبێ :**

**پێشەوا شەوکانی لە (نیل الاوطار(٦٤١/١)) ئەفەرموێ : هەندێك لە پاشینان هەستاون بە نوسینەوەی نوسراوێکی درێژ کە تیایدا جل شۆڕی بە ڕەهایی یەکلا کردۆتەوە کە حەرامە .**

**وە الحافظ لە (الفتح))(٢٧٥/١٠ ) ئەفەرموێت : بەڵام سەبارەت بە جل شۆڕی بۆ جگە لە فیز زلی و تەکەبور روکەشی فەرمودەکان ئەوە دەگەیەنێت کە ئەویش حەرامە ، پاشان فەرموی : وە لایەنی حەرامێتی**

پێشدەخرێ ، لە لایەکی تریشەوە جێگەی توش بونە بە فیز زلی ، هەروەك ابن العربی فەرمویەتی : دروست نیە موسڵمان جلەکەی ئەوەندە شۆڕبکاتەوە بە شێوەك بکەوێتە خوار قاپە ڕەقەیەوە ، وە بشڵێ من ئەو کارەم بۆ فیز زلی نیە ، چونکە یاساغی کردنەکە ئەوەش دەگرێتەوە هەروەکو لە گۆی وشەکەوە دەردەکەوێ . وە ناشبێ ئەو کەسەی کە گۆی وشە بیگرێتەوە لە حوکم دا بلێت من ئەوە جێبەجێ ناکەم لەبەر نەبونی هۆکارەکەی لە مندا - کە فیز زلیە - چونکە دەعوایەکی باوەڕ پێنەکراوە . بەڵکو خودی شەرواڵ درێژیەکەی بەڵگەیە لەسەر فیز زلی و تکبری .

کەواتە ئەوانەش ئەڵێن بۆ تکبر لەبەری ناکەین ناتوانن بیسەلمێنن لەبەر دوو هۆ .

یەکەم / ئەوەی ئەیڵێن تەزکیەی نەفسە خوای پەروەردگاریش ئەفەرموێ : ﴿ فَلَا تُزَكُّوا أَنفُسَكُمْ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ اتَّقَى ﴾ (النجم :٣٢)

دووەم / ئەگەر بۆ تکبر نیە با تەنها جارێك بتوانن و دەست لەو جۆرە جلانە هەڵ بگرن و لەبەری نەکەن .

لەلایەکی تریشەوە لەبەرکردنی ئەم جۆرە جلانە بۆ پیاوان حەرامە ، چونکە خۆ چواندنە بە ئافرەتان ، هەروەك لە (ابن عمر) ەوە هاتووە ئەفەرموێت : پەیامبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : هەرکەسێك بۆ فیز و تەکەبور جلەکەی شۆڕبکاتەوە خوای پەروەردگار لە ڕۆژی دواییدا تەماشای ناکات ( أم سلمە ) فەرموی : ئەی ئافرەتان چی بە پاڵدمی کراسەکانیان بکەن ؟ فەرموی : با بستێك شۆڕی بکەنەوە أم سلمە فەرموی : کەواتە پێکانیان دەر دەکەوێت ؟! ئەویش فەرمووی : با باڵێك شۆڕی بکەنەوە ، و لەوەش زیاتر شۆڕی نەکەنەوە (سلسلة الأحاديث الصحيحة : ١٨٦٤ ) .

بەڵام بە پێچەوانەی ئەم فەرمودەیە ئێستا ئافرەتان جلەکانیان کورت دەکەنەوە و پیاوانیش شۆڕی دەکەنەوە .

لەو فەرمودەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت بەدەر لەوەی ئەو جۆرە جلانە بۆ پیاوان حەرامە لە لایەکی تریشەوە خۆچواندنە بە ئافرەتان ، خۆ چواندن بە ئافرەتانیش لەعنەتی لەسەر هاتووە . هەروەك پەیامبەری خوا ئەفەرموێت : ( لعن الله المتشبهين من الرجال بالنساء) .واتە : خوای پەروەردگار لەعنەتی کردوە لەو پیاوانەی خۆیان بە ئافرەتان ئەچوێنن .

لەعنەتیش واتە بێ بەشبون لە ڕەحمەتی خوا ، ئاخۆ موسڵمان گەر ژیر بێت چۆن خۆی بەر لەعنەت دەخا و خۆی دەکاتە هاوتای شەیتان ؟!

دەرئەنجام دەگەینە ئەوەی کە لەبەرکردنی ئەم جۆرە جلە لە دوو ڕووەوە تاوانە :

یەکەم / بە دەقی فەرمودەی صحیح یاساغی لێکراوە

دووەم / خۆچواندنە بە ئافرەتان و لەعنەتی لەسەر هاتووە .

وە سەبارەت بە تاوانی گەورە زانایان فەرمویانە : لە نیشانەکانی تاوانی گەورە ئەوەیە ئەگەر بەڵێن بدرێ بە ئەنجامدەری بە ( چوونە ئاگر و دەرکردن لە ڕەحمەتی خوا و لەعنەت ) ، یان هاوشێوەیان ، وە هەر یاساغیەك بەڵێنی تیابوو بە چونە ئاگر ئەوا لە ریزی گەورە تاوانەکان حسابی بۆ دەکرێ ، پەیامبەری خوایش فەرمویەتی : أسفل الكعبين من الازار فی النار" بۆیە ئەگەر کارێکی سوننەت بوایە ئەوا بەڵێنی چوونە ئاگر نە ئەدرا بە ئەنجامدەری ، چونکە بەڵێنی چونە ئاگر لەسەر وازهێنان لە سوننەت نادرێ .

لەوەی باسمان کرد بۆمان دەرکەوت کە لەبەرکردنی جلی شۆڕ بۆ پیاوان لەلایەکەوە حەرامە وە لەلایەکی ترەوە خۆ چواندانە بە ئافرەتان و لەعنەتی لەسەر هاتووە .

**هاوار عبدالله/دەرچووی کۆمەڵایەتی**

ئیمانداران : وریای گومانی خراپ بن

گومانی خراپ بردن یەکێکە لەو تاوانانەی کە خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی (صلى الله عليه وسلم) ئیماندارانیان لێ وریا کردۆتەوەو ئاماژەیان بەخراپی ئەو تاوانە کردووە ، خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ ﴾ . (الحجرات : ١٢) ،

واتە " ئەی ئیمانداران خۆتان بپارێزن و دووربکەونەوە لەزۆرێك لەگومان بردن ، چونکە هەندێك لەو گومانانەی کە بەیەکدی دەبـــــەن مایەی گوناهو تاوانە " .

وە لەفەرموودەیەکدا کە(بوخاری و موسلیم) گێڕاویانەتەوە لەئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێت) ، کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : (إياكم والظنَ فإن الظن أكذبُ الحديث) .

واتە " ئامان وریای گومان بردن بن ، چونکە گومان بردن بەیەکتر درۆترین وتەیە " .

هەروەها ( بوخاری و موسلیم ) گێڕاویانەتەوە کە دایکی ئیمانداران (صەفیەی کچی حویەی) ڕەزای خوای لێبێت ، سەردانی پێغەمبەری خوای کرد (صلى الله عليه وسلم) لەکاتی ئیعتیکافدا لەمزگەوت ، وە لەکاتی چونەوەیدا بۆماڵەوە دوو کەس لەئەنصار خۆی و پێغەمبەری خوایان بینی (صلى الله عليه وسلم) ، بۆیە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بانگی لێ کردن و پێی فەرموون : (ئەوە صەفیەی کچی حویەی خێزانمە) ، ئەوانیش فەرموویان : پاك و بێگەردی بۆ خوای گەورە !! بەواتای ئەوەی (چۆن گومانی خراپ دەبەین ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ، وە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) پێی فەرموون : (إن الشيطان يجري من الإنسان مجرى الدم وخشيت أن يقذف في قلوبكما شيئاً).

واتە " شەیتان بەناو مولولەی خوێندا دێت و دەچێت ، بۆیە ترسام لەوەی شتێکتان بخاتە دڵەوەو تووشی گومانتان بکات ".

**عابدالحرمين دەفەرموێت : " سوێند بەخوا دروست نیە بۆت بەبێ هۆ و بەبێ هەق ئازاری سەگێك یان بەرازێك بدەیت ، ئیتر چۆن بۆت دروستە ئازاری موسوڵمانێك بدەیت ".**

وە عابدالحرمين (فضيل بن عياض) بەڕەحمەت بێت دەفەرموێت : " سوێند بەخوا دروست نیە بۆت بەبێ هۆ و بەبێ هەق ئازاری سەگێك یان بەرازێك بدەیت ، ئیتر چۆن بۆت دروستە ئازاری موسوڵمانێك بدەیت ".

وە پێشینانی ئەم ئوممەتە فەرموویانە : ( هەر کەسێکتان بینی هەمیشە گومانی خراپی دەبرد بەموسوڵمانان ، ئەوا بزانە لەخراپی و پیسی دڵیەوەیەتی ، چونکە کەسێك کە ناخی پاك بێت دوورە لەوەی خەریکی عەیب و کەموکوڕی و گومان خراپ بردن بێت بۆ خەڵکی ).

کەواتە بەڕێزانم ، پێش ئەوەی لەشتێك بکۆڵینەوەو هەق و دروستێتیمان بۆ ڕوون بێتەوە با هەر لەخۆمانەوە گومانی خراپ بەهیچ کەسێك نەبەین و پێش هیچ ڕووداوێك نەکەوین بەوەی کە لەوانەیە چاوەکانمان یان گوێیەکانمان بەهەڵە شتەکانی بۆ گواستبێتینەوە ، چونکە وەکو ئیمامی ئیبنو حەجەر (بەڕەحمەت بێت) دەفەرموێت : (سوء الظن بالمسلم من الكبائر الباطنة). واتە " گومانی خراپ بردن بەموسوڵمان یەکێکە لەتاوانە گەورەکانی ناخ ".

وە پێویستە لەسەرمان هەمیشە عوزر بهێنینەوە بۆ کەم وکوڕی یەکانی برا موسوڵمانەکانمان ، بەوەی لەوانەیە مەبەستێك هەبێت لەئەنجامدانی ئەو کارەی کە دەبێتە هۆی دروست بوونی گومان لای کەسی بەرامبەر ، هەروەکو ئیمامی ئیبنو سیرین (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت : (إذا بلغك عن أخيك شيء فالتمس له عذرا ، فإن لم تجد فقل : لعل له عذرا لا أعرفه) .

واتە"هەرکاتێك لەبرایەکی ئیماندارتەوە شتێکت پێگەیشت ، ئەوا هەوڵ بدە عوزری بۆ بهێنەرەوە ، ئەگەر هەر هیچ عوزرێکیشت دەسنەکەوت ، ئەو کاتە بڵێ : لەوانەیە عوزرێکی هەبێت من نەیزانم بۆیە ئەو کارەی ئەنجامداوە ".

وە گومانی خراپیش دەبێتە دوو جۆرەوە ئەوانیش :

یەکەمیان : گومانی خراپ بردن بەخوای پەروەردگار : خۆی لەخۆیدا ئەم جۆرەیان یەکێکە لەتاوانە گەورەکان و نیشانەی موونافیقینیشە ، هەروەکو خوای گەورە دەربارەیان دەفەرموێت : " وَيُعَذِّبَ الْمُنَافِقِينَ وَالْمُنَافِقَاتِ وَالْمُشْرِكِينَ وَالْمُشْرِكَاتِ الظَّانِّينَ بِاللَّهِ ظَنَّ السَّوْءِ عَلَيْهِمْ دَائِرَةُ السَّوْءِ".(سورەتی الفتح :٦).

واتە "بۆیە خوای گەورە سزای پیاوو ژنی دووڕووەکان و پیاوو ژنی موشریکەکان دەدات ، ئەوانەی کە گومانی خراپیان بەخوای گەورە هەیە ، ئەوانە خراپیان بەسەردا دێت " .

دووەمیان : گومانی خراپ بەموسوڵمانان : ئەمەش یەکێکە لەتاوانە گەورەکان ، چونکە تۆ بەبێ بەڵگەو شایەتێك گومان بۆ کەسانی موسوڵمان دروست دەکەیت ، بێگومان ئەمەش هۆکاری سەرەکی لەشەیتانەوەیە ، چونکە ئەو هەوڵ دەدات کارە چاك و پاکەکانی موسوڵمان ئاوەژوو بکاتەوە لات و ناشیرینیان بکات بەشتێك کە لەبنەڕەتدا ئەو شتە لەو کەسەدا نیە کە تۆی ئەم گومانەت پێ بردووە ، بۆیە ئیبنو قودامە (بەڕەحمەت بێت) دەفەرموێت : ( هیچ کات بۆت دروست نیە گومانی خراپ بە هیچ موسوڵمانێك بەریت ، مەگەر کاتێك ئەو گومانە ئاشکرا بوو کە ڕوویداوە و هیچ عوزرێك هەڵنەگرێت ) ، وە خوای گەورەش هەمووومان بپارێزێت لەوەی گومانی خراپ بەهیچ کەسێك بەرین و بشمانپارێزێت لەزمانی ئەو کەسانەی کە هەمیشە خەریکی گومانی خراپ بردنن .

> ئیمامی ابن سیرین: إذا بلغك عن أخيك شيء فالتمس له عذرا، فإن لم تجد فقل: لعل له عذرا لا أعرفه).

**ئا : هیوا زیرەك/دەرچووی بەشی کوردی**

************************

**پێشەوا ابن رجب دەڵێت :**

لەکاتێکدا کە دونیا بۆ مرۆڤی بڕوادار شوێنی مانەوەی هەمیشەیی نیەو نیشتمانی جێگیروو دامەزراویش نیە دەبێت حاڵی تێیدا لەم دوو حاڵەتەدا دەرنەچێت: یان ئەوەیە وەکو کەسێکی نامۆ (غریب) کە دانیشتووی وڵاتێکە لەدوور نیشتمانی خۆی هەموو خەم وبیری کۆکردنەوەی توێشووە بۆ گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆی، وە یاخود وەکو ڕێبوارێکی بەڕێدا تێپەڕبوو کە هەموو شەوو ڕۆژی بەڕێوەیە بەرەو وڵاتی نیشتەجێی خۆی.

*زیانەکانی خوی نهێنی لە ڕووی پزیشکیەوە*

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان**

**پێش هەموو شتێك ئەبێت بزانین (دامرکاندنەوەی شەهوەت بە دەست) یان (دەرهێنانی مەنی بە دەست) یان (دەست پەڕ) یان (خۆڕەحەت کردن بە دەست) کە بە عەرەبی پێی دەوترێت (الاستمناء) یان (العادة السرية) لە ڕوانگەی شەرعەوە کارێکی حەرامە و دروست نیە لە بەر ئەم بەڵگانەی خوارەوە :**

**١ ـ خوای گەورە فەرموویەتی :" وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ (٥) إِلَّا عَلَى أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ (٦) فَمَنِ ابْتَغَى وَرَاءَ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْعَادُونَ (٧)"﴿المؤمنون﴾ .**

**واتە : ئەوانەی کە عەورەتیان دەپارێزن ئیللا لە خێزانەکانیان و کەنیزەکەکانیان نەبێت ، ئەوانە لەمەدا هیچ لۆمەیەکیان لە سەر نی یە ، هەر کەسێك بەدوای جگە لەمەدا بگەڕێت و عەورەتی تێدا بە کار بێنێت ئەوا ئەوانە سنوری خوایان شکاندووە و تەعەدا و ستەمیان کردووە .**

**٢ ـ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (( يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمُ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ ، فَإِنَّهُ أَغَضُّ لِلْبَصَرِ وَأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ ، وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ ، فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ )) صحيح البخاري رقم : (٥٠٦٦) وصحيح مسلم رقم : (٣٤٦٤) .**

**واتە : ئەی چینی گەنجان هەر کەس لە ئێوە توانای ژن هێنانی هەیە ئەوا با ژن بێنێت ، چونکە ژن هێنان چاو دەگرێتەوە لە نەزەر کردن و قەڵایەکیشە بۆ عەورەت و دەیپارێزێت ، وە هەر کەس توانای ژن هێنانی نی یە ئەوا با ڕۆژوو بگرێت ،چونکە ڕۆژوو دەبێتە پارێزەر بۆی .**

**جا ئەگەر (دامرکاندنەوەی شەهوەت بە دەست) دروست بوایە ئەوا پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ڕێنمایی گەنجانی بۆ دەکرد ، بەڵام دەبینین ڕێنمایی گەنجانی کردووە بۆ ڕۆژوو گرتن بۆ ئەوەی زەوق و شەهوەتیان کەم بێتەوە و لاواز بێت .**

**بەڵام ئێمە لێرەدا دەمانەوێت بە کورتی باسی زیانەکانی ئەم کارە قێزەونە بکەین لە ڕووی پزیشکیەوە ، ئەویش بەم شێوەیەی لای خوارەوە :**

**یەکەم : زیانەکانی خوی نهێنی لە کچاندا:**

**١ - هەوکردن لەئەندامەکانی زاوزێ و ئەندامی منداڵبوون ( الرحم ) .**

**٢ - هەوکردن لە بۆڕییەکانی میزڵدان و تیکچوونی گورچیلە .**

**٣ - تووشبوون بە کەڕو و ڤایرۆس و میکرۆبە جۆراو جۆرەکانی کۆئەندامی زاوزێ و هەوکردنیان و تووشبوون بەنەزۆکی ( عقم ) دوای هاوسەرێتی .**

**٤ - پەردە (غشاء البكارة) لە کچان تێك دەچێت ئەگەر ئیشەکە بە هەڵە ئەنجام بدات .**

**5 - هەست کردن بە لاوازییەکی سێکسی لە دوای هاوسەرێتی .**

**٦ - نائارامیەکی دەروونی و هەست کردن بەترس لە هاوسەرێتی .**

**دووەم : زیانەکانی خوی نهێنی لە کوڕاندا :**

**١ - زوو هاتنە دەرەوەی تۆواو ( السائل المنوي ) واتە (سرعة القذف) .**

**٢ - لاوازی سێکسی لە دوای ژنهێنان.**

**٣ - هەو کردنی پرۆستات و ئەندامی دروستکەری تۆواو.**

**٤- دروست بوونی دومەڵێکی ئاوی لەبەشی ئەندامی زاوزێ .**

**5 - نەزۆکی (العقمSterility ).**

**٦ - هەست کردن بەترس و کەم تەرخەمی و ماتبوون و دوورکەوتنە وە لە ژنهێنان .**

**چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ئەمانەیە :**

١ - نوێژ کردن لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت ، چونکە نوێژ مرۆڤ دوور دەخاتەوە لە کردەوەی خراپ.

٢ - ڕۆژووگرتن لە هەفتەیەکدا دوو ڕۆژ ، و خوێندنی قورئانی پیرۆز و تێگەیشتن لە فەرمانەکانی خوای گەورە

٣ - باشترین چارەسەر بۆ ئەم مەبەستە هاوسەرێتیە.

٤ - پاراستنی چاو لە بینینی فیلمی خراپ و دوورکەوتنەوە لەتاوان.

**ئا/ بەشی پزیشکی لە ماڵپەڕی بەهەشت**

www.ba٨.org

**سەرخستنی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)**

الحمد الله وحده والصلاة والسلام على من لا نبي بعده : بەڕاستی هەر لە سەرەتای بابەتەکە شەرم دەکەم کاتێك دەڵێم سەرخستنی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) چونکە ئەو هەر سەرکەوتوو بووە ، بەڵام ناشبێت کەشتی قوتابخانەکەی مامۆستامان (محمد) (صلى الله عليه وسلم) بە قولاپی نەزان و تۆڕی دوژمنانی خوا بوەستێ ،

چۆن دەوەستێ !!؟؟ کاتێك ڕێڕەوەی کەشتی نەجات بەرەو بەهەشتە و بە شنەبای کاری چاك و ڕەوشتی جوان هەنگاو دەنێت ، ڕوون تر دەڵێم ئەوەی دەیبینین و دەی بیسین بەتایبەت دواجار دوژمنانی ئیسلام و خوا و پێغەمبەرەکەی (صلى الله عليه وسلم) ( گاور و جولەکە ) ویستیان بە فلیمێك ئازاری بدەن و ناشرینی بکەن بۆ ؟!!! سەیری گەورەیی خۆشەویستمان بکەن (صلى الله عليه وسلم) ١٤٣٠ ساڵ زیاترە وەفاتی کردووە کەچی تا ئێستاش ئەو ڕق لە دڵانە چاویان بە پەیامەکەی و ژیانی پاکی هەڵنایەت سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە نەهاتووم وەصفی پێغەمبەری خوا بکەم بەم بابەتە پەنادەگرم بە خوا بەڵکو ڕێزی خۆم زیاد دەکەم بەباسکردنی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) هیچ کەس لە ئێمە نیە خۆی و دایك و باوکی نەکاتە قوربانی بەڵکو نەفسیشمان دەکەینە قوربانی هەرخۆی دەفەرموویێت : ( لايؤمنُ أحدكُم حَتى أكونَ أحَبَ ألَيهِ مِن نَفسهِ وَمالِهِ وَ وَلَدِهِ وَ الناسِ أجْمَعين ) واتە : ئیمانی هیچ کەس لە ئێوە تەواو نیە تاوەکو منی لە خۆی و ماڵی و منداڵی و هەموو خەڵك خۆشتر نەوێت . بۆیە دەڵێم سەرخستنی سەروەرمان تەنها بەقسەو یان بە خۆپیشاندان و شتی تر نابێت بەڵکو بەدوا کەوتنی سوننەتەکانی دەبێت ، هەروەها گەیاندنی ئەو پەیامەی کە پێی هاتووە بۆیە دەفەرموویێت : ( بلغوا عني ولو آية ) واتە : (بلغوا) پێم بگەیەنن کە (تەکلیفە) ، (عني) لەمنەوە کە ئەمەش (تشريفه) ، (آية) تەنها ئایەتێك ئەمەشیان (تخفيفه) با بەخۆمان بچینەوە بزانین تا چەند پەیامە جوانەکەی ئیسلام و پێغەمبەرمان گەیاندووە ، دەبا ئەم سوکایەتیە بکەینە وێستگەیەك بۆ گەڕانەوەمان بۆ لای خوای پەروەردگار سوێند بە خوا ئەگەر هەموو گاور و خاچ پەرستێك هەستن و بێ ڕێزی بکەن بەرامبەر پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) بێگومان هیچ لە ڕێزی ئەو کەم ناکاتەوە بە پێچەوانەشەوە هەرکەسێك هەستابێت و کاری وای کردبێت ڕوو ڕەشی مێژوو بووە .

(محمد) نەك هەر پێغەمبەر بەڵکو مامۆستا و ڕابەر و بەسۆز و دادوەر و زانا بوو، بۆیە ئەگەر بمانەوێت لەهەر بوارێکی ژیان سەرکەوتوو بین با چاوێك بە ژیانی ئەو بخشێنین بەدڵنیاییەوە زانیاری گەوهەر ئاسا بەدەست دێنین .

لە کۆتایی دا هیوادارم ئەم بێ ڕێزییانە ببێتە زەنگێکی ئاگادارکەرەوە بۆمان تاوەکو چی تر دین و ڕەوشتی خۆمان لە بیر نەکەین وە دەست بگرین بە ڕێبازی خۆشەویستمان جا بەوەش سەرفرازی دونیاو دواڕۆژ دەبین .

**کاروان حمەباقی . ك . پ . کەلار . عربی**

## وەسفی قورئان لە قورئاندا

الحمد لله وحده ، والصلاة والسلام على من لا نبي بعده ... وبعد : خوای گەورە لە چەندین ئایەتی قورئاندا باس لە پیرۆزی و مەزنی و سیفاتی بەرزی قورئان دەکات ، لێرەدا بە پشتیوانی خوای گەورە هەندێك لەو ئایەتانە دەخەینە ڕوو بۆ ئەوەی دڵمان بێداربێتەوە و دەست بکەین بەخوێندنەوەی گەورەترین و چاکترین و ڕاسترین و تەواوترین وبەسودترین کتێب کە پڕە لە زانست و زانیاریی و ڕێنموونی کاریشە بۆ ئەوانەی لە خواترس و پارێزکارن :

١ . **قورئان وتەی خوایە و لە لایەن خواوە دابەزێنراوە :** خوای گەورە دەفەرموێت : " إنا أنزلناه في ليلة مباركة " ( الدخان : ٣ ) ، واتە : بە ڕاستی ئێمە ئەم قورئانەمان لە شەوێکی بە فەڕ و بەرەکەت و پیرۆزدا ناردووەتە خوارەوە کە شەوی قەدرە لە ڕەمەزاندا .

هەروەها فەرموویەتی : " وإن أحد من المشركين استجارك فأجره حتى يسمع كلام الله " ( التوبة : ٦ ) ، واتە : وە ئەگەر یەکێك لە هاوەڵبڕیاردەرەکان داوای ئەوەی لێکردیت پەنای بدەیت ئەوا پەنای بدە تاوەکو وتەی خوا ( واتە : قورئان ) دەبیستێت .

بە ڕاستی ئەوەندە بەسە بۆ گەورەیی قورئان کە وتەی پەروەردگاری ئاسمان و زەویە ، ئەو پەروەردگای کە هەموو بونەوەر بە جوانترین و تەواوترین شێوە بەڕێوە دەبات ، جا با وتەی پەروەردگارەکەمان بەرز ڕابگرین لە دڵ و کردەوەکانیشماندا نەك تەنها بە زمان .

٢ . **بەڕاست دانەری کتێبەکانی پێش خۆیەتی :** خوای گەورە دەفەرموێت : " مصدقا لما بين يديه " ( الأحقاف : ٣٠ ) ، واتە : ئەم قورئانە بەڕاست دانەری کتێبە ئاسمانیەکانی پێش خۆیەتی ، چونکە هەموو کتێبە ئاسمانیەکان لە لایەن خواوە نێردراونەتە خوارەوە و قسەی خواش هەمووی ڕاست و دروست و تەواوە و دژیەك و ناتەبا نین .

٣ . **کتێبێکی موبارەك و پیرۆزە :** خوای گەورە فەرموویەتی : " وهذا كتاب أنزلناه مبارك " ( الأنعام : ٩٢ ) ، واتە : ئەم کتێبە ـ قورئان ـ ئێمە ناردوومانەتە خوارەوە پیرۆز و بە بەرەکەتە .

خوێنەری بەڕێز : کتێبێك خوای پایەبەرز بە پیرۆز ناوی ببات دەبێت چەند گەورە و مەزن بێت !

٤ . **قورئان ئامۆژگاریە :** خوای پایەبەرز فەرموویەتی : " يا أيها الناس قد جاءتكم موعظة من ربكم " ( يونس : ٥٧ ) ، واتە : ئەی خەڵکینە بێگومان لە لایەن پەروەردگارتانەوە ئامۆژگاریتان بۆ هاتووە ـ مەبەست پێی قورئانە ـ کە سزای خواتان بیردەخاتەوە و دەتان ترسێنێت ، بۆ ئەوەی کردەوە و ڕەوشتان پاك و چاك بێت .

٥ . **قورئان شیفا و چارەسەرە بۆ نەخۆشیە جەستەیی و دەروونیەکان :** خوای گەورە فەرموویەتی : " وننزل من القرآن ما هو شفاء ورحمة للمؤمنين " ( الإسراء : ٨٢ ) ، واتە : ئایەتانێك لە قورئانی پیرۆز دەنێرینە خوارەوە کە ببێتە چارەسەر بۆ نەخۆشیەکان ، وەکو گومان و دووڕوویی و نەزانی ، وە چارەسەریش بێت بۆ نەخۆشیە جەستەییەکان ، وە هەروەها هۆکارێکیش بێت بۆ بەدەستهێنانی ڕەحمەت و میهرەبانی خوا .

وە فەرموویەتی : " وشفاء لما في الصدور " ( يونس : ٥٧ ) ، واتە : قورئان شیفا و چارەسەرە بۆ ئەو نەخۆشیانەی تووشی دڵ دەبن لە بێباوەڕی و هاوەڵ بۆ خوا بڕیاردان و نەخۆشیەکانی تریش .

٦ . **ڕێنموونیکارە بۆ ڕێگای ڕاست :** خوای گەورە دەفەرموێت : " ذلك الكتاب لا ريب فيه هدى للمتقين " ( البقرة : ٢ ) ، واتە : ئەم قورئانە هیچ گومانێکی تێدا نیە ، ڕێ نیشاندەر و ڕێنموونیکاری ئەوانەیە کە لە خوا دەترسن بە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی و خۆ دوورگرتن لە قەدەغەکراوەکانی .

قورئان خەڵکی لە تاریکیەوە دەردەکات بەرەو ڕووناکی : " كتاب أنزلناه إليك لتخرج الناس من الظلمات إلى النور " ( إبراهيم : ١ ) ، واتە : ئەم قورئانە کتێبێکە دامان بەزاندووە بۆت ئەی محمد ﷺ تا خەڵکی لە تاریکیەکانی بێباوەڕیەوە دەربهێنێت بۆ ڕووناکیەکانی باوەڕ و یەکتاپەرستی .

٧ . **کتێبێکە هاوشێوەی نیە** : خوای گەورە دەفەرموێت : " وَإِنْ كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِمَّا نَزَّلْنَا عَلَى عَبْدِنَا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِنْ مِثْلِهِ وَادْعُوا شُهَدَاءَكُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ كُنتُمْ صَادِقِينَ " ( البقرة : ٢٣ ) ، واتە : جا ئەگەر ئێوە لە دوو دڵیدان و گومانتان هەیە لەم قورئانە پیرۆزە کە بۆ بەندەی خۆمان ( **محمد** صلى الله عليه وسلم ) ناردوومانەتە خوارەوە ، ئەگەر بۆتان دەکرێت ئێوەش هەوڵ بدەن سورەتێکی وە کو ئەو بهێنن ، هاوکارەکانیشتان جگە لە خوا بۆ ئەو مەبەستە بانگ بکەن ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن .

٨ . **کتێبێکی گەورە و مەزنە** : خوای گەورە دەفەرموێت : " ولقد ءاتيناك سبعا من المثاني والقرآن العظيم " ( الحجر : ٨٧ ) ،واتە : سوێند بێت ( ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ) ئێمە حەوت ئایەتمان پێداویت ( کە بریتیە لە سورەتی فاتیحە ) هەروەها قورئانی گەورە و مەزنیشمان پێ بەخشیویت .

وە فەرموویەتی : " لَوْ أَنْزَلْنَا هَذَا الْقُرْآنَ عَلَى جَبَلٍ لَرَأَيْتَهُ خَاشِعاً مُتَصَدِّعاً مِنْ خَشْيَةِ اللَّهِ وَتِلْكَ الأَمْثَالُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ " ( الحشر : ٢١ ) ، واتە : ئەگەر ئەم قورئانەمان دابەزاندایەتە سەر کێوێك لە کێوەکان ، و تێبگەیشتبایە لەو موژدە و هەڕەشانەی کە تێیدایە، ئەوا ملکەچ و زەلیل دەبوو وە ورد و خاش دەبوو لە ترسی خوای پایەبەرز ، وە ئێمە ئەم نموونانە دەهێنینەوە بۆ خەڵکی بۆ ئەوەی بیربکەنەوە لە توانا و مەزنی خوای گەورە و شوێن قورئانەکەی بکەون .

٩ . **یەکلاکەرەوەی ناکۆکیەکانە** : خوای گەورە دەفەرموێت : " فإن تنازعتم في شيء فردوه إلى الله والرسول " ( النساء : ٥٩ ) ، واتە : وە لە هەر شتێکدا ناکۆکی و جیاوازی کەوتە نێوانتان ئەوا حوکم و بڕیارەکەی بگەڕێننەوە بۆ لای خوا و پێغەمبەرەکەی ( واتە : بۆ قورئان و سوننەت ) .

دەبێت لە بچوکترین تاوەکو گەورەترین کێشە و ناکۆکیمان تووشبوو بگەڕێینەوە بۆ قورئان و سوننەت و چارەسەرەکەی لەوێدا بدۆزینەوە .

١٠ . **جیاکەرەوەی هەق و باتڵە** : خوای گەورە دەفەرموێت : " تبارك الذي نزل الفرقان على عبده " ( الفرقان : ١ ) ، واتە : بەرز و پیرۆزی و پاکی و بڵندی بۆ ئەو خوایەی کە قورئانی دابەزاندووە بۆ سەر بەندەی خۆی **محمد** صلى الله عليه وسلم بۆ ئەوەی ببێتە جیاکەرەوەی ڕاست و ناڕاست .

بۆیە دەبێت بۆ ناسینی ڕاست و ناڕاست و جیاکردنەوەیان لە یەکتر سەیری قورئانی پیرۆز بکەین نەك هەوا و ئارەزووی خۆمان .

ئەمەی باسکرا هەندێك بوو لە سیفەت و تایبەتمەندیەکانی قورئان بە هیوام دڵی ڕاچڵەکاندبن ئەگەر تا ئێستا ڕانەچڵکاوە !

وریای کردبنەوە ئەگەر تا ئێستا وریا نەبووبنێتەوە !

پەروەردگارا وامان لێبکە بە شەو و بە ڕۆژ خەریکی خوێندنەوە و بیر لێکردنەوە و کردەوەکردن بین بە کتێبە پیرۆز و گەورە و پڕ لە زانستەکەت .

اللهم اجعل القرآن ربيع قلوبنا ونور صدورنا وجلاء أحزاننا وذهاب همومنا ، آمين

**ئا/ إدريس محمود/دەرچووی یاسا**

## گرنگترین گۆڤارە ڕۆژهەڵاتناسیەکان وديارترين كەسايەتيەكانيان

بەشی حەوتەم

فێرخوازانی خۆشەویست بەردەوامین لە خزمەتتاندا بۆ درێژەپێدان بە بابەتەکەمان ..

گرنگترین ئەو گۆڤارانەی دەریاندەکرد :

١. «المجلة الآسيوية». لە فەرەنسا، لە ساڵی ١٨٢٠.

٢. «مجلة الجمعية الآسيوية الملكية». لە لەندەن، لە ساڵی ١٨٢٣، بۆیەش مەلەکی پێ دەڵێن چونکە لە ژێر چاودێری پادشا خۆیدا دەردەچو.

٣. «الجمعية الشرقية الأمريكية». لە ئەمریکا، لە ساڵی ١٨٤٢

٧,٦,٥,٤. هەر لەم ساڵەدا لە هەریەك لە وڵاتانی ئەڵمانیا ونەمسا وئیتاڵیا وڕوسیا گۆڤارێکی تایبەت بەخۆیان لەمەڕ پرسە ڕۆژهەڵاتیەکان دەرکرد.

٨. «مجلة جمعية الدراسات الشرقية». لە ئەمریکا، لقیشی لە لەندەن وپاریس ولیبزج وتۆرنتۆی کەنەدا هەیە.

٩. «مجلة شؤون الشرق الأوسط» و«مجلة الشرق الأوسط» لە ئەمریکا.

١٠. «العالم الإسلامی **The Muslim World**». لە ئەمریکا، لە ساڵی ١٩١١، کە یەکێکە لە خراپترین گۆڤارە ڕۆژهەڵاتناسیەکانی ئەمریکا، ساڵی ١٨٢٠ لەلایەن سەموێل زویمر **Zweimer** دامەزراوە، لەوەو دوا لە هارتفۆرد دەردەچو، سەرنوسەرەکەی «کنیس کراج» **K.Cragg**، وگۆڤارێکی تەبشیری پەتیە.

١١. «**Le Monde Musulman**». لە فەرەنسا، کە لە جەوهەر وئاراستەیدا هەروەك گۆڤاری «العالم الإسلامی» وایە، وئیشی دژایەتیکردن وتەبشیرە.

ناوی خراپترین ڕۆژهەڵاتناسە هاوچەرخەکان لەگەڵ گرنگترین کتێبەکانیان :

یەك: «ئە. ج. ئەربێری **A.j.Arberry**» کە بریتانیە، ناسراوە بە دەمارگیریەکەی دژ بە ئیسلام وموسڵمانان، ویەکێکە لە نوسەرانی «دائرة المعارف الإسلامية». وئەوەی جێی داخە زۆرێکی ئەو میسریانەی لە ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمدا لە بەشەکانی دیراساتی ئیسلامی وزمانی عەرەبی لە بریتانیا تەخەروجیان کردوە، ئەم کەسە مامۆستایان بوە.

لە کتێبەکانی:

١. «الإسلام اليوم»، لە ساڵی ١٩٤٣.

٢. «مقدمة لتاريخ التصوف»، لە ساڵی ١٩٤٧.

٣. «التصوف»، لە ساڵی ١٩٥٠.

٤. «ترجمة القرآن»، لە ساڵی ١٩٥٠.

دوو: «ئەلفرێد گیۆم **A.Geom**» کە بریتانیە، بەناوبانگە بە دەرمارگیری دژی ئیسلام، لە زانکۆکانی بریتانیا وئەمریکا وانەی وتۆتەوە، ڕوحی تەبشیری بە کتێب وبۆچونەکانیەوە دیارە، دیسانەوە بەداخەوە زۆرێك لەوانەی حکومەتی میسر بۆ دەرەوە ڕەوانەی دەکردن لەسەر دەستی ئەم تەخەروجیان کرد.

لە کتێبەکانی: «الإسلام».

سێ: «بارۆن کارا دی فۆ **Baron Carra de Vaux**» کە فەرەنسیە، زۆر دەمارگیرە لە دژی ئیسلام وموسڵمانان، دەستێکی دیاری هەبوە لە نوسینەوەی «دائرة المعارف الإسلامية».

چوار: «هـ. ئا. ر. جب **H. A. R. Gibb**» گەورەترینی نێو ڕۆژهەڵاتناسەکانی بریتانیایە لەم چەرخەدا، پێشتر ئەندام بو لە «المجمع اللغوي المصري»، دواتریش مامۆستای دیراساتە ئیسلامی وعەرەبیەکان بو لە زانکۆی هارفۆرتی ئەمریکا، یەکێکە لە گەورە نوسەر وبلاوکەرەوەکانی «دائرة المعارف الإسلامية». نوسینێکی زۆری هەیە، قوڵبونەوەی زۆری تێدایە، ئەمەش نهێنی خەتەرناکیەکەیەتی.

لە کتێبەکانی:

١. «طريق الإسلام»، بە بەشداری لەگەڵ چەند کەسێکی تردا نوسیویەتی وبۆ زمانی عەرەبیش وەرگێڕدراوە.

٢. «الإتجاهات الحديثة في الإسلام»، لە ساڵی ١٩٤٧، وبۆ زمانی عەرەبیش وەرگێڕدراوە.

٣. «المذهب المحمدي»، لە ساڵی ١٩٤٧.

٤. «الإسلام والمجتمع الغربي»، لەگەڵ چەند کەسێکی تردا نوسیویەتی ولەچەند بەشێکدا کەوتە بازاڕەوە.

پێنج: «جوڵد زسهیر Gold Ziher» خەڵکی مەجەڕە، ناسراوە بە دژایەتیکردنی ئیسلام، وخەتەرناکی ئەو بابەتانەی لەسەری بڵاوی دەکاتەوە، ویەکێکە لە نوسەرانی «دائرة المعارف الإسلامية»، کتێبیشی لەبارەی قورئان وحەدیسەوە هەیە.

لە کتێبەکانی: «تاريخ مذاهب التفسير الإسلامي»، وبۆ زمانی عەرەبیش وەرگێڕدراوە.

شەش: «جۆن ماینارد Maynard» ئەمریکیەکی دەمارگیرە، هاوکاری دەکرد لە نوسینی گۆڤاری «جمعية الدراسات الشرقية».

حەوت: «س. م. زویمر Zweimer S.M» ڕۆژهەڵاتناسێکی تەبشیریە، بە دژایەتیکردنە توندەکەی بۆ ئیسلام ناوبانگی دەکردوە، دامەزرینەری گۆڤاری: «العالم الإسلامي»یە کە گۆڤارێکی ئەمریکی تەبشیریە.

لە کتێبەکانی:

١. «الإسلام تحدّ لعقيدة»، لە ساڵی ١٩٠٨.

٢. «الإسلام» ئەم هەستا بە بڵاوکردنەوەی، کە بریتیە لە کۆمەڵێك بابەت، ساڵی ١٩١١ لە «لەکنهۆی هیندستان پێشکەشی دووەم گۆنگرەی تەبشیری کرد. تەنانەت وەکو ڕێز وپێزانینێك بۆ هەوڵ وماندوبونە تەبشیریەکانی، ئەمریکیەکان هەستان بە کردنەوەی وەقفێك بەناوی ئەمەوە بۆ دیراساتی: «اللاهوت وإعداد المبشرين».

هەشت: «عەزیز عەتیە سوریال» میسریەکی نەصرانیە، پێشتر مامۆستا بو لە زانکۆی ئەسکەندەریە، دواتر بو بە مامۆستا لە زانکۆیەکی ئەمریکا، ڕق وقینێکی ئێجگار زۆری هەیە بەرامبەر ئیسلام وموسڵمانان، دەستکاریکردن وگۆڕینی شتەکانی ئیسلام زۆر ئاساییە بەلایەوە.

لە کتێبەکانی: هەندێك کتێبی هەیە لەبارەی جەنگەکانی خاچپەرستانەوە.

نۆ: «غ. ڤۆن گرۆنباوم G. Von Grunbaum» بە ڕەچەڵەك ئەڵمانیە، وەکو دین یەهودیە، هێنایان بۆ ئەمریکا بۆ وانە وتنەوە ولە زانکۆی شیکاگۆ وانەی دەوتەوە، یەکێکە لە سەرسەختترین دوژمنانی ئیسلام، لە هەمو کتێب ونوسراوەکانیدا تێکەڵ وپێکەڵی، وهێرشکردنی تێدایە بۆ سەر ئیسلام وموسڵمانان، نوسینی زۆر زۆرە، وچەندین ڕۆژهەڵاتناس سەرسامن پێی.

لە کتێبەکانی:

١. «إسلام العصور الوسطى»، لە ساڵی ١٩٤٦.

٢. «محاولات في شرح الإسلام المعاصر»، لە ساڵی ١٩٤٧.

٣. «الأعياد المحمدية»، لە ساڵی ١٩٥١.

٤. «دراسات في تاريخ الثقافة الإسلامية»، لە ساڵی ١٩٥٤.

٥. «الوحدة والتنوع في الحضارة الإسلامية»، لە ساڵی ١٩٥٥.

٦. «الإسلام»، لە ساڵی ١٩٥٧، کە بریتیە لە چەند بابەتێکی جیا جیا.

**ئا/ علی محمد خان / دەرچووی کۆمەڵایەتی**

## ئاگاداری

**ژمارەی ئایندەی زانست تایبەتە بە بەرگری لە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم**

# لاوانی ئیسلام بە ئاگابنەوە

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**الحمدلله و الصلاة و السلام على رسول الله. و بعد:**

**بەڕاستی ڕاستیە حاشا هەرڵنەگرەکان لەوانەیە ببنە هۆی زووتر گەیشتن بە ئەنجامێکی باش..!!**

**گەنج و لاو ، بە تایبەت خوێن گەرمان و دڵسۆزان زۆر جار دەبنە نێچیری ڕاوچیانی فیکر و ڕێبازەکان ، ئاسانی ڕاوکردنی گەنجەکانمان لەبەر ئەوەیە کە حەیرانی شکۆمەندی و گەورەیین ، ترسناکی ڕاوچیانیش خۆش بلێی و زۆر بلێی یە ، کە ترسناکە و پێغەمبەر** صلى الله عليه وسلم **هۆشداری داوە بۆ ئەوەی وریای تێکەوتن بین..!!**

**دەبینی بۆ ئەوەی هەست بەبوونی خۆیی بکات دەکەوێتە چنگی ڕۆمانسیەت و چیرۆك نوس و بێژەکانەوە تا دەگاتە ڕۆچوون لەو بابەتەی کە تەنها خوا دەزانێت ڕاستی ئەو بابەتانە لە چ دێڕێکی چیرۆکە خەیاڵی و ئەفسوناوییەکاندایە..!!**

**ئەوی تر دەبینیت بۆ پلە و پایەی هەبوون دەخزێتە چاکی چاکدارێکەوە و بەکاری دەهێنێ تا دەگاتە ئەو پەڕی نا لەباری لە ڕووی فیکر و بگرە لەوانەیە بگاتە ترسی لەناوچوونی دینەکەی بە ناوی قەیچێکە خۆ بۆ نەتەوەی خۆمانە..!!**

**دانەیەکی تریش لەوانەیە خوێن گەرمی و دڵسۆزی بۆ ئاینەکەی ببێتە هۆی لادانی..!! کاکە هەموان دەزانین کە جیهاد و قیتال لە هەرچی فکردا هەیە و لەم ئاینە تەواوەی ئێمەشدا لوتکەی کردارەکانە ، بۆ وا نەبێت کاتێ نازدارترین دارایی مرۆڤ ڕوح و گیانیەتی کەچی دەیخاتە بەر لەناوچوونەوە..!!**

**مەبەست بۆچی ئاوەها لاوانمان لە ناوەندەکانی خوێندنەوە تا کنارەکانی جادە و بگرە کوچە و کۆڵانەکانیش لەبەر ئەم مەترسیانەدا دەبن...؟؟ یان بۆ ئیلحاد و فەلسەفە و لاڕێیی ... وە یان بۆ تەکفیر و ئیعتزال و ئیرجاء و بیدعەکاری...؟!؟؟! بۆ چی ئەمە دەرەنجامی هەندێکە لە خوێن گەرم و نازارەکانی ئەم میللەتە خێر لە خۆ نەدیوەیە..؟! بە دڵنیاییەوە هۆکاری خۆی هەیە..!!**

**هەندێ جار کرچوکاڵ دەبێت هەموو شتێك بە خاڵ و جیا جیا بنوسرێت..!! جا با بەگشتی بیخەینە ڕوو ، کەم لاومان هەیە دڵنیابێت لەوەی کە بەڕاستی حەماس یان شەهوەت یان دڵسۆزی یان ئارەزوو یان هەر ئامانجێکی تر ، بەس نیە بۆ برەودان بە تواناکانمان..!! بەڵکو پێویستە هەرچیت پێیە یان دەتەوێت بەو شەریعەتە بیپێویت کە بۆت نێردراوە لەلایەن ئەو خالقەی کە بڕیارەکانی پەلەی تێدانیە ، هەروەکو چۆن خراپە و بێ ئیمانی قەبوڵ ناکات..!! تۆی لاوی بە ئەمەك دەبێت بزانیت خوای گەورە زۆر بێباکە لە خەڵك و لە هەمووشمان زیاتر دینە تەواوەکەی خۆی خۆشدەوێت...!! بۆیە با مەزایدەمان پێوە نەکرێت ، ئەمە سەردەمی فیتنەیە و زۆر ترسناکە هەڵسوکەت تێیدا... لەوانەیە یەك هەنگاوی هەڵە ببێتە دواکەوتنی چەندین ساڵی کارەکانت..! بۆیە صەبر و ئارامگری ، لەگەڵ فێربوونی زانستی شەریعەتی ئیسلام ، و کردار بە چاکە کردن و دوربوون لە خراپەکاری ، بانگەواز کردن و بەردەوامی لەسەر ڕێگاکە.. ئەوکاتە نە دەخورێین و نەش بەکار دەهێنرێن..!!**

**یەك بیرۆکە دەخەمە بیرتەوە بۆ تێفکرین و وردبوونەوەت .. ئایا بیرت لەو هەموو کرێکار و مامۆستا و خەڵکە بیانیە کردۆتەوە کە ڕوودەکەنە هەرێمەکەمان...؟!! هەرگیز لای خۆتەوە وتووتە ئەوە بۆ ئێمە بانگەوازیان نەکەین..؟! من لە بەشی ئینگلیزیم و کاك فلان لە شەریعە و ئەوی تر لە فلان بەشە ، بۆ**

بڵاوکراوەیەکمان نەبێت بە زمانە بیانیەکانی ئەوانەی دێنە کوردستان ، کە باسی ئیسلام و خودایان بۆ بکەین ..!!

دەزانیت ئەوان کەس ناچێتە وڵاتەکەیانەوە ئیللا دەیانەوێ بیبەنە سەر ئاینەکەی خۆیان..؟! دەزانی زۆربەی هەرە زۆریان هاتوون ئێمە بگێڕنەوە سەر ئاینەکەی خۆیان..؟! ئەگەر ئەمانەت زانی ئەوجار دەزانی زۆریك لە لاوەکانمان چەند بێ ئاگایانە دێن و دەچن لە گۆڕەپانەکانی زانکۆ و ناوەندەکانی خوێندندا..؟؟! یان کەمێك لە کاتەکانیان نادەن بە فێربوونی ئاینەکەیان ، ئا ئەمانە خۆرەی ژیانی فێرخوازانی ئەم وڵاتەیە..!!

یان دەتوانین هەر لە زانکۆ و پەیمانگاکەی خۆمان دەستەجەمعی هاوکاری یەکتری بکەین بۆ خۆپاراستن و بانگەوازی هاورێکانیشمان بکەین ، ئەگەر خۆت زۆر شتی زانستە شەرعیەکان نازانی ، ئەوا زۆر شتی کوردی هەیە و ئامادەکراوە ، دەتوانی بیخوێنیتەوە و گروپێکی بانگەوازی لەسەر ڕێگای پاك و ڕێك دروست بکەن ، و ئاگاتان لە ئەو خاڵانە بێت کە پێویستی بە چاك کردنەوە هەیە و کاری خێری خۆتانی تێدا ئەنجام بدەن ، یان وتار بە دەنگ و ڕەنگ یان هەر بە دەنگ کە ئاسانترە ، لە فلاش و میمۆری مۆبایل و کۆمپیوتەرەکەتدا هەبێت ، خۆت گوێی لێ بگرە و دواتر هەوڵبدە بیدەیت بە هاورێی نزیکی خۆت ، شەرت نیە کە ئەمانەت ئەنجام دا ببیتە بانگخواز و خۆت بدەی لە فەتوا و پۆلێنکردنی خەڵك...!! نا.. بەڵکو تۆ ئەتەوێ خۆت بپارێزیت و ببیتە هۆی پاراستنی هاورێکانت لەو لارێبوونانەی باسمان کرد..

کەواتە ئەزیزان : ئەگەر کوڕی یان کچ ، پێگەی خۆت بەکار بخە ، ئیسلامەکەت بە یەك وشەی تۆ پێشدەکەوێ ، بە دانیشتن زەرەر لە ئیسلام و موسڵمانان دەدەیت ، ئەوە خراپترە کە پەیوەست نەبیت و خراپەش بکەیت ، چونکە ئەرکێکی تر زیاد دەکەیت بۆ بانگخوازان و ئەوجار پێویستە دەستت بگیرێت ، بەڵام ئەگەر بە ئەمەك بیت و سەربەرز ، جێی شانازی دەبیت و دڵت پێخۆشدەکریت ، ئەوەیە ئیجابی بوون لە تۆ دا...

دروستبوونی تۆ دروست بونی تاکێك یان مامۆستایەك یان فەرمانبەرێك یان باوکێك وەیان دایکێکی باشە..!!

کەواتە وامەزانە ئەم وتانە هەروا ڕەشکردنەوەی کاغەزە ، نەخێر هیممەتی ئەمڕۆیە ، ئامانجی سبەینێ و دەرەنجامی ئاینده و پاداشتی دوارۆژە..!

دەی با لە هەر شوێنێکین بیکەین بە مینبەرێکی بانگەواز ، بانگخوازێك وتەیەکی بەنرخی هەیە کە ئەڵێت: الاخلاق دعوة الصامتة . واتە : هەڵسوکەت بانگەوازێکی بێدەنگە، یان : دەوڵەتی ئیسلام لە خۆتاندا بەرپا بکەن ، لە نیشتمانتاندا خۆی بەرپا دەبێت.

داواکارم خودا چاکمان بکات و بمان گێڕێتەوە سەر ڕێگەی ڕاست.. ئامین

**ن/بلال جلال حداد / دراساتی ئیسلامی**

(معاذ)ی کوڕی (جبل) ڕەزای خوای لێ بێ فەرموویەتی : ((علیکم بالعلم ، فإن طلبه عبادة، وتعلمه لله حسنة ، وبذله لأهله قربة ، وتعلمه لایعلمه صدقة ، والبحث عنه جهاد ،ومذاکرته تسبیح ))

واتە: پێویستە لەسەرتان بەدوای زانست و زانیاریدا بگەڕێن، چونکە گەڕان بەدوای زانیاریدا عیبادەت و خواپەرستییە، هەروەها فێربوونی زانیاری خێرو چاکەیە، گەیاندنی زانیاری بە خەڵك نزیك بوونەوەیە لە خوای گەورە، فێرکردنی ئەو کەسەی، کە نایزانێت خێرە، گەڕان بەدوایدا تێکۆشانە، هەروەها وەبیر هێنانەوەی زانیاری زیکرو یادی خوایە.

## پیلانەکانی شەیتان

خوێنەرانی بەڕێز بزانن کە شەیتان بەهەموو شێوە ،و شێوازێك و لەهەموو ڕێگایەکەوە بۆمرۆڤ دێت ، بچوك بێت یان گەورە ئافرەت بێت یان پیاو لەهەموو شوێنێك ولەهەموو کاتێکیشدا بەفرسەتی دەزانێت وهەل لەکیسی خۆی نادات ، بەڵام ئەوە ئێمەین هەست بەو دوژمنایەتیە ناکەین و گرنگی پێنادەین ، جا بەهەر هۆکارێکەوە بێت : لەبەر لاوازی باوەڕمان یان لەبەر خۆشەویستیمان بۆ دونیا یان هەست بە ترسناکی شەیتان ناکەین .... بەهەرحاڵ خۆمان توندوتۆڵ نەکردووە وقەڵغانی پارێزەرمان دروست نەکردووە بۆ خۆمان بە گوێڕایەڵی کردنی خوا و پێغەمبەرەکەی کە بە دڵسۆزانەترین وزاناترین شێوە پیلانەکانی شەیتانیان بۆ ڕوون کردوینەتەوە .

دڵنیابن بەڕێزان کە خودی گوێڕایەڵی نەکردنی فەرمانی خوا و پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بریتیە لە گوێڕایەڵی شەیتان و شوێنکەوتنی ، چونکە فەرمانی خوا و پێغەمبەر هەمووی چاکەیە و لە بەرژەوەندی ئێمەی مرۆڤدایە ، کەواتە ئەگەر کەسێك چاکەی ئەنجام نەدا ئەوا بەدڵنیاییەوە تووشی خراپە دەبێت یان تووشی ئەو کارە دەبێت کە نەچاکەیە و نە خراپەیە ( نە پاداشتی بۆ دەنووسرێت نەیش خراپە ) ، کە ئەمەش جۆرێکە لە جۆرەکانی پیلان وفەرمانی شەیتان ، وا لە خوارەوە باسی دەکەین :

شەیتان پلەبەپلە لەگەڵ مرۆڤدا دێت و وازی لێ ناهێنێت تا تووشی نەکات ، ئەوەش بەگوێرەی تاوان وسەرپێچی ، بۆ نموونە : لەسەرەتاوە هەوڵ دەدات مرۆڤ تووشی شیرك وهاوبەش بڕیاردان بۆ خوا بکات بۆ ئەوەی لەدین دەری بکات وبەهەتاهەتایی لەئاگری دۆزەخدا بمێنێتەوە وەکو خۆی ، وە ئەگەر لەمەدا سەرکەوتوو نەبوو بەندە توانی بەرگری لەخۆی بکات ئەوا هەوڵ دەدات تووشی کوفر و بێباوەڕی بکات ودڵڕەقی بکات تا ڕۆشنایی باوەڕ و خواناسی لەدڵی دەردەکات ودەبێتە تاریکستان ، وە ئەگەر لەمەشدا نەیتوانی فریوی بدات ئەوا پلەیەك دێتە خوارەوە و هەوڵ دەدات تووشی بیدعەی بکات وئەوەی لەدیندا ئەسڵ وبنەڕەتی نیە بیهێنێتەکایەوە و شتگەلێك بۆ ئایین زیاد بکات کە خوا و پێغەمبەرەکەی فەرمانیان پێ نەکردووە و پێیشی ڕازی نین ، چونکە بەهەمان شێوە هەموو داهێنانکاریەك سەرئەنجامەکەی ئاگرە ، بەهەمان شێوە ئەگەر بەندە خۆڕاگربێت وزانستی پێبێت تووشی ئەوە نەبێت ، ئەوا هەوڵ دەدات تووشی تاوانی گەورەی بکات ( کبیـرە ) تابەهۆیەوە فاسق بێت و ببێتە کەسێکی لەفەرمان دەرچوو وتاوانکار ، وە ئەگەریش لەمەدا سەرکەوتوو نەبوو ئەوا هەر وازی لێ ناهێنێت هانی دەدات تووشی تاوانی بچووکی بکات وکەڵەکەی بکات لەسەری ، تا بەتەواوی تیابچێت وتاوان وگوناه بکاتە خولیا و ئارەزووی ، لە کۆتاییدا هەر وازی لێ ناهێنێت لەکاتێکدا ئەگەر بەندە لەباوەڕدارە پابەندەکان بێت بە ئایینەکەیەوە ، ئەوا شەیتان لەدوا قۆناغیدا هەوڵ دەدات تووشی ئەو کارانەی بکات کە چاکەی بۆ نانوسرێت وخراپەیشی لەسەر نیە وتاوان نیە ، بۆ ئەوەی بەندە کات وتەمەنی لەبەتاڵدا بباتەسەر و بێ نرخ بێت وبەزایە بچێت !!

پشتیوان حسن کرم / — ئینگلیزی — سلێمانی

ئیمامی شافعی ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەفەرموێت :

شكوت إلى وكيعٍ سوء حفظي فأرشدني إلى ترك المعاصي
وقال : إن العلم نور ونور الله لا يُعطى لعاصي

واتە : شکاتی خراپێتی لەبەرکردنم کرد لە لای ئیمامی وەکیع ئەویش ڕێنمایی کردم بۆ وازهێنان لە تاوانەکان و فەرموی زانست نور و ڕووناکی یە و نور و ڕووناکی خواش نادرێت بە تاوانبار .

﴿ولتنظر نفس ماقدمت لغد﴾

خـوای پـەروەردگار دەفـەرموێت : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَلْتَنْظُرْ نَفْسٌ مَا قَدَّمَتْ لِغَدٍ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴾ {الحشر:١٨} واتـە : ئـەی ئەوانـەی باوەڕتـان هێناوە ! لەخوابترسن و خۆپارێز بن بـەجێ بـەجێکردنی فــەرمان پێکراوەکــانی ودوورکەوتنــەوە لــە قەدەغەکراوەکانی و وەبا هەرکەسە سەرنج بدا و بزانـێ چ شـتێکی بـۆ سـبەینێ ( قیامـەت ) پێشخـستووە لـە کـردەوەی چـاك و بـەردەوام بـن ودەوام بکـەن لەسـەر تـەقوای خـوا ، بەڕاستی خـوا زۆر ئاگایـە بـەکارەکانتان و هیچی لێ ون نابێت .

لە ڕاستیدا ئەم ئایەتە بنچینەیەکی گرنگ لەخۆدەگرێت لەبارەی لێپرسینەوە لەگەڵ خۆدا ودەروون پاککردنەوە ، وە ئەرکی هەموو کەسێك ئەوەیە کە لێپرسینەوە لەگەڵ خۆیدا بکات و بزانێت چی ئامادەکردووە بۆ دوارۆژی خۆی پـێش ئـەوەی خـوا لێپرسـینەوەی لەگەڵـدا بکات ، ئەوە لە خێرو چاکەی بەندەدایە کە سەرنجی حاڵ وباری خۆی بدات و ئامادەسازی بکات بۆ کاتی چاوپێکەوتنی پەروەردگاری ، ئایا پەڕەی ژیانی پڕکردووە لـە کـردەوەی چاك و گوێڕایـەڵی بۆ خـوای خۆی و دووری گرتووە لـە حەرامکراوەکان وقەدەغەکراوەکان هەتا پێی خۆش بێت بگاتە حزووری پەروەردگاری؟ وەیاخود پڕە لـە کـردەوەی چـەپەڵ ونابـەجێ کـە مایـەی توڕەبـوونی خوایـە و بکەرەکەی شایستەی سزاو تۆڵەبکات ؟ باسەیر بکات چی ئامـادەکردووە بـۆ سـبەینێی قیامـەتی ، بـا ئـەو ڕۆژەی بیربکەوێتـەوە و دیمـەنی وەسـتان لـە پێـشگای خـوادا بهێنێتە پێش چاوی خۆی ، وتێڕامانێك بکات لە حەشر و حیساب ولێکۆڵینـەوە لـە کردەوەکـان ، وە بزانێـت کـە ســەرجەم کردەوەکــانی تۆمــارکراوە و نووســراوە و بــەئامادەیی دەیهێننــە بەردەســتی ، خــوای گــەورە دەفەرموێت : ﴿ يَقُولُونَ يَا وَيْلَتَنَا مَالِ هَذَا الْكِتَابِ لا يُغَادِرُ صَغِيرَةً وَلا كَبِيرَةً إِلاَّ أَحْصَاهَا وَوَجَدُوا مَا عَمِلُوا حَاضِراً وَلا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَداً﴾ {الكهف:٤٩} واتە : دەڵێن ئەی تیاچوونی خۆمـان ! ئەمـە چ نامەیەکـە هـەموو شـتێکی گـەورەو بــچووك وردو درشــتی لەخۆیــدا جێکردۆتــەوە و ئەژماردوویەتی؟ ئەوسا پاداشتی کاروکردەوەکانی خۆیان بــەحازری دەبیــنن و وەری دەگــرن پەروەردگاریــشت ناهەقی وستەم لەهیچ کەس ناکات .

ئایا جێگای گرنگی پێدان نیە وشایەنی ئەوە نیە کە هەر ئێـستا لێپرسـینەوەی نـاخ ودەرونـی خۆمـان بکـەین و بەخۆمانـدا بـچینەوە وبـزانین چـیمان کـێڵاوە؟ ئـەوەتا خـوای پـەروەردگار دەفـەرموێت : " ئــەوەی جگــە لــە کردەوەی باشی بینی با تەنها لۆمەی خۆی بکات " ، ئەی ئێـستا کـە فرسـەتە بـۆ نەکرێتـە کـاتی کۆکردنـەوەو تۆمـارکردنی کـردەوەی چـاك و دواتـر سوپاسـی خـوای لەسـەر بکـەین لەسـەر ئـەوەی کـە یارمـەتیمانی داوەو ئاسـانی کـردووە بۆمـان ، چونکە بـەڕێزان سبەی چیتر کاتمـان نیـەو هـەلی گونجـاو ئێـستا لـەدونیادا بۆمـان ڕەخـساوە ، لـە قیامەتـدا تەنانـەت نـاتوانین تۆبـە و پەشیمانیش دەربڕین چونکە سوودی نیە ، دەبا ئێستا بـە خۆمانـدا بـچینەوە و سـەیرێکی کاروکردەوەکانمـان بکـەین ئەگـەر چاکەمان بینـی سوپاسـی خوا بکـەین وە ئەگـەریش خراپـەمان بینـی بـا خۆمـان چاك بکـەین وپەشـیمان بینـەوە ، چـونکە لـە قیامەتـدا نـاتوانین بەخۆماندا بچینەوەو پەشیمانی دەربڕین ، وبگەڕێینەوە بۆ دونیا بۆ چاکەکاری .

ئالەم گۆشـەنیگایەوە بـوو کـە جێنشینی دووەم عومـەری کـوڕی خـەتتاب ( ڕەزای خـوای لێبێـت ) دەیـووت : لێپرســینەوە لەگــەڵ خۆتانــدا بکــەن پــێش ئــەوەی لێپرسـینەوەتان لەگەڵـدا بکرێـت ، کـردەوەی خۆتـان بکێشن وپێوانە بکەن پێش ئەوەی بۆتانی بکێشن ،

ئا ـ ئاشنا کریم / شەشەمی زانستی

## سەلامەتی سنگ لە کینە و حەسادەت

شوکر و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان ، صەڵات و سەلام لەسەر پەیامبەری ئیسلام و ئال و بەیت و یار و یاوەرانی تا ڕۆژی دوایی :

بە بۆنەی دەستپێکردنی ساڵی تازەی خوێندن پیرۆزبایی لەهەموو خوێندکارانی ئازیز ئەکەم لە زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان و دەستخۆشی لەوانەی دەرچوون بۆ قۆناغی نوێ ، وە هیوای سەرکەوتن بۆ ئەوانەی کە ماونەتەوە لە خوا گەورە دەپاڕێمەوە کە زانستی بەسوودمان فێر بکات وەپشتیوانمان بێت لە ئاستەنگییەکانی ژیان .

دونیا بۆ مرۆڤـــ کاتێکی کەمەو چەند ڕۆژێکە کە بەسەر دەچێت ، بەڵام جێگای ڕاستگۆیی ڕاستگۆیانە وەجێگای بازرگانی چاکەکارانە دەبێ هەوڵی قۆستنەوەی بدرێ لەکاری چاکەو کە سوودی دونیاو دوا ڕۆژی تێدا بێت ، باوەڕناکەم بەشی ئەوە بکات بە ڕق کینە و حەسوودی بەرامبەر ئەمەوو ئەو بەسەری ببەین ، بۆیە ئەم بابەتەم هەڵبژارد چونکە کەسانێك ژیانی خۆشی دونیا لە تاعەت و عیبادەت ، ڕوو خۆشی لەگەڵ خەڵك و برادەری چاك لەخۆی تاڵ کردووە ڕق و کینە و حەسوودی بەرامبەر ئەمەوو ئەو ، خۆیشی نازانێ چی دەکات تەنها ئەوە نەبێت ڕقی لە فلاّنە و حەسوودی بە فلاّن دەبات لەجێگای خۆیدا وەستاوە هەنگاویك پێش ناکەوێت، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمووێت : " ئادەمیزاد دەڵێت سامانەکەم سامانەکەم ،دەڵێت ئەی ئادەمیزاد لەسامانەکەت چیت هەیە جگە لەوەی خواردووتە و فەوتاوە ، یان لەبەرت کردووە و کۆن بووە یان بەخشیوتە و بۆت کۆکراوەتەوە لای خوای گەورە" ( صحيح مسلم ) .

ماڵ و سامان بەتەنها هەمووو شتێك نیە لە دونیادا ، خوای گەورە دونیای کردووە بەکاتژمێرێك هەمووومان دەڕۆین لە سەری ، کەسی ژیر ئەو کالآیە لەگەڵ خۆیدا دەبات کە خوای گەورە پێی خۆشە پێغەمبەرەکەی دیاری کردووە ، وەکو خوای گەورە دەفەرمووێ ﴿الْمَالُ وَالْبَنُونَ زِينَةُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَالْبَاقِيَاتُ الصَّالِحَاتُ خَيْرٌ عِنْدَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ أَمَلًا﴾ (الكهف : ٤٦ ) ،لەبەر ئەوەی ڕێبوارییین ئەم دونیایە ئەوە ناهێنێ کە ڕق و کینە لە یەکتری هەڵگرین یان لەیەکتری زیز بین یان حەسوودی بەیەکتری بەرین ، زۆر جار ئەم ڕاستییەشمان بۆ دەرکەوتووە کاتێك سەفەر دەکەین بۆ شوێنیکی یان سەفەرێکی کورت دەکەین وەکو حەجی ماڵی خوا دەڵێین هەتا ئەم چەند ڕۆژەو تەواو دەبێت لەسەرخێر ، ئەگەر کەسێك هەڵەیەکی بەرامبەر کردین ئەوا لێ ی خۆش دەبین و دەیبەخشین ، کەسی ژیر و ئیماندار لەدونیا هەمان حساب دەکات چەند ڕۆژێکی کاتییەو کەس بەهەتا هەتایی نامێنێتەوە ، بۆیە ڕق کینەو بەرامبەر موسڵمانان لە سنگیدا جێی نابێتەوە، ئەگەر ئەم شتانە لەدڵدا بمێنێتەوە لەگەڵ کردەوەکانی تردا وەر ناگیرێت لە ئەنەسی کوڕ مالیکەوە ( ڕەزای خوای لێ بێت) ئەفەرموێ لای پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دانشتبووین فەرمووی : ئێستا پیاوێك لە ئەهلی بەهەشت دەردەکەوێت پاشان پیاوێك دەرکەوت کە لە ئەنصارییەکان بوو، ئاوی دەست نوێژ بە ڕیشییەوە دەچۆڕا وە نەعلەکانی دابوو بەبن دەستی چەپییەوە، کەڕۆژی دواتردا هاتینە لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دیسان هەمان شتی فەرموو کە دوێنی وتبووی ، ئێمەش هەمان پیاومان بینی کەلەسەر هەمان باری دوێنێی بوو ، پاشان کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەستاو ڕۆیشت عەبدوڵای کوڕی عەمر بەدوای پیاوەکە کەوت و پێی وت : من لەگەڵ باوکم دا بەشەڕ هاتووم ، سوێندم خواردووە کە تا سێ ڕۆژ نەگەڕێمەوە ماڵەوە ، ئەگەر دەتوانی لای خۆت ڕامبگری تاکو ئەو سێ ڕۆژە تەواو دەبێت ، ئەویش وتی: باشە، عبدولای کوڕی

عەمر ئەو سێ ڕۆژەی کە لەماڵیدا مایەوە نەیدەبینی شەوان شەو نوێژبکات تەنیا ئەوە نەبێت کە دەخەوت زیکری خوای دەکرد ، پاشان کاتی نوێژی بەیانی هەڵئەسا بۆ نوێژ ،عەبدوڵا دەڵێت تەنها شتی چاکم لێوە دەبیست ، کاتێ ئەو سێ ڕۆژە تەواو بوو ، تاوام لێ هات کردەوەکانیم بەکەم دەزانی پێم وت : ئەی بەندەی خوا لەنێوان من و باوکم دا هیچ کێشەیەکمان نەبوو بەڵام بیستم لەپێغەمبەری خوا کەسێ جار بە تۆی وت ئێستا پیاوێك دەردەکەوێ کە ئەهلی بەهەشتە پاشان بینیمان تۆی ، منیش ویستم بزانم مەگەر تۆ چی کردەوەیەکت ئەنجامدەدەیت بێت بۆ ئەوەی منیش بیکەم . بەڵام هیچ کردەوەیەکی زۆر گەورەم نەبینی کە ئەنجامی بدەیت ، باشە چۆن گەیشتووی بەو پلەیە کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی ، ئەویش فەرمووی والله شتێکی زیاتر نیە لەوەی کە بینیت تەنها ئەوە نەبێت لە دڵمدا هیچ ڕق و کینە و حەسوودییەك نیە بەرامبەر موسوڵمانان ، جگە لەخێر و چاکە نەبێت ، عەبدوڵای کوڕی عەمر وتی : ئا ئەوەیە کە تۆی گەیاند . ( رواه أحمد ) .

کەواتە باشترین چاکەو عیبادەت بەتایبەت بۆ گەنجان و ئافرەتان و خوشکان ئەوەیە کە دڵی مرۆڤ پاك بێت لە ڕق و کینە و حەسوودی بەرامبەر دەوروبەرمان ، کردەوەیەك کە مرۆڤ پێی دەچێتە بەهەشتەوە ئەویش ئەم کردەیە ئاسان دەکات ئەوەیە کە مرۆڤ بزانێت دونیا کاتییەو تەواو دەبێت ، وەئێمەش ڕێبوارین بۆیە نابێت مرۆڤ ڕق و کینە هەڵبگرێت ئێمەش دەبێت بڕوامان وا بێت ، کارەکانی مرۆڤ بە قەزاو قەدەری خوایە پاش گرتنەبەری هۆکارەکان، ﴿وَمَا تَشَاءُونَ إِلَّا أَنْ يَشَاءَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ﴾ ( التكوير : ٤٩ ) ، چونکە زۆر جار لەو لایەنەوە دێت کە مرۆڤ وادەزانێت ڕزق و ڕۆزییەکەی کەسێکی تر دەیبات کەسێك دێت بۆ داواکاری کچەکەی بەڵام ئەو دووری خستۆتەوە و ویستویەتی داواکاری کچەکەی خۆی بێت ، ئەوەی لەنێو چاوان نووسرابێت قەدەری خوایە و دێتە جێ بە ئیزنی خوای گەورە ، هیچ کەس ناتوانێت ڕزق و ڕۆزی کەسێك کەم بکات یان زیادی بکات ، وەکو پێغەمبەری خوا دەفەرمووێ :

(واعلم أن الأمة لو اجتمعت على أن ينفعوك بشيء لم ينفعوك إلا بشيء قد كتبه الله لك ، وإن اجتمعوا على أن يضروك بشيء لم يضروك إلا بشيء قد كتبه الله عليك ) (رواه الترمذي وقال : حديث حسن صحيح ).

واتە: ئەگەر کۆمەڵە کەسانێك بیانەوێت فلانە کچ بۆ فلانە کوڕ بخوازن ئەگەر خوای گەورە بەقیسمەتی کردبێت ئەوا هەر بۆی دەبێت وە بە پێچەوانەیشەوە .

ئێستا دیاریدەیەکی زۆر خراپی تریش هەیە کە لە گوناهە لەناوبەرەکانی موسوڵمانە ، وبەڵکو ئەوەندە زۆر بووە وەکو شتێکی ئاسایی لێهاتووە ئەویش پەنابردنە بۆ سیحر و جادوو بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان ، بۆ نموونە بۆ ژنهێنان یان تێکدانی نێوان ژن و مێرد ، بۆیە داواکارم لەموسڵمانان کە ڕێگە شەرعییەکان بگرنە بەر بۆ ئەنجامدانی کاروبارەکانیان ، چونکە خوای گەورە کەس لەبیر ناکات چۆن ڕزق و ڕۆزی کەسێك دەدات وەکاروبارەکانی کەسێك ڕێك دەخات کەشەریك پەیدا دەکات بۆ (الله) ئەی باشە چۆن کەسێك لەبیر دەکات کەدەڵێت ( لا اله الا الله ) .

ڕێگای بردنەوە و سەرکەوتن لەکاری دونیاو دوارۆژ وە دەستکەوتنی بەهەشت لەشوێنکەوتنی دینی خوای گەورەوەیە ، لەخوای گەورە داواکارم لەدینی خۆی شارەزامان بکات دڵپاك وسینگ سەلامەتمان بکات أمين .

**حیدر عدنان کریم / پزیشکی دەرمانساز**

## (غەیبەت تاوانە) بەربڵاوەکە

خوێندکارانی بەڕێز برایان و خوشکانی ئازیز ...... لەڕاستیدا بەپێویستم زانی لە خزمەتی بەڕێزتاندا ئەم بابەتە پێشکەش بکەم کە گومانی تێدانییە بەشێکی زۆرو بەربڵاوی کۆمەڵگەی داگیرکردوەو هۆکارێکی گرنگیشە بۆ لەناوبردنی چاکەکان، بۆیە ئەو تاوانە بەڕاستی پەڕەی ناسکی دڵ دەژاکێنێ و دەشبێتە هۆی پەیدابوونی ڕق و کینەو بوغز لە نێو موسوڵماناندا، هەروەها ئەنجام نەدانی غەیبەت و خۆگرتنەوە لێی ڕاستە بەدەم کارێکی ئاسانە بەڵام بەکردەوە زۆری دەوێت و گرانیشە، بۆیە ئامۆژگاریمان بۆ ئەوانەی بە نهێنی ئازاری خوشکان و برایانی موسوڵمان دەدەن ئەوەیە کە لە خوابترسن و پەشیمان ببنەوە، چونکە بەڕاستی لە ڕۆژی دواییدا دەبنە هەڵگری کۆڵێ تاوانی ئەوان و هیچی تر.

*ئیمامی حَسَن (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرموویەتی: باس کردنی موسوڵمان کاتێك پێی ناخۆشە باس بکرێت لە پاشملە سێ جۆرە:

١. **غەیبەت:** باس کردنی کەم و کوڕیی موسوڵمانێکە ئەگەر پێی ناخۆش بێت دەبێتە غەیبەت با ئەو شتەشی تێدابێت کە تۆ باسی دەکەیت.

٢. **بوهتان:** باسی موسڵمانێك بکەیت بە شتێك کە تێیدا نەبێت، لەم کاتەدا هەم تاوانی غەیبەتت بۆ دەنوسرێت و هەم تاوانی بوهتانەکەش.

٣. **درۆ بۆ هەڵبەستن:** باس کردنی شتێکی خراپە دەربارەی موسوڵمانێك کە پێت دەگات و تەئکید نیت لەسەر ئەوەی ڕاستە یان نا.

### هەندێك لەو ئایەت و فەرموودانەی کە بەڵگەن لەسەر حەرامێتی (غەیبەت) کردن:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱجۡتَنِبُواْ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلظَّنِّ إِنَّ بَعۡضَ ٱلظَّنِّ إِثۡمٞۖ وَلَا تَجَسَّسُواْ وَلَا يَغۡتَب بَّعۡضُكُم بَعۡضًاۚ أَيُحِبُّ أَحَدُكُمۡ أَن يَأۡكُلَ لَحۡمَ أَخِيهِ مَيۡتٗا فَكَرِهۡتُمُوهُۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ تَوَّابٞ رَّحِيمٞ ١٢ ﴾ (الحجرات:١٢).

پێشەوا إبن كثير (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت: هەڕەشەی گەورەو سەرزەنشتی توند دەربارەی (غەیبەت) کردن هاتووە، بۆیە خوای گەورە غەیبەت کردنی چوواندوە بە خواردنی گۆشتی مردوو، و دەفەرموێت: ئایا موسوڵمانان هەریەکێك لە ئێوە ئارەزووی خواردنی گۆشتی براکەی بە مردوویی دەکات؟ کە حەزیش ناکەن و پێتان ناخۆشەو بۆشتان ناخورێت، کەواتە چۆن گۆشتی براکەتان بە مردوویی پێناخورێت و بەلاتانەوە ناخۆشە دە ئەوهاش بە زیندوویی مەیخۆن (واتە غەیبەتی موسوڵمانان مەکەن و دەست درێژی مەکەنە سەر کەسایەتی و ئابڕوو شەرەفی، چونکە سزای غەیبەت کردن زۆر لە خواردنی گۆشتی مردوو ناخۆشترو قورسترە)[1].

### فەرموودەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەسەر غەیبەت

١. هاوەڵی بەڕێز مُطَلِب کوڕی عبدالله (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: ((ذِكْرُكَ أَخَاكَ بِمَا يَكْرَهُ)) السلسلة الصحيحة (١٩٩٢)

واتە: غەیبەت کردن ئەوەیە کە باسی کەسێك (موسوڵمانێك) بکەیت لە پاش ملە بەوەی کەتیایەتی.

٢. هاوەڵی بەڕێز أبوهريره (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (( أتدرون مالغيبة؟ قالوا: اللهُ وَرَسُولُهُ أَعلَم. قالَ: ذِكْرُكَ أَخَاكَ بِمَا يَكْرَهُ)) سنن أبي داود (٤٨٧٦)، صحيح مسلم ( ٢٥٨٩)

واتە: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: ئایا دەزانن غەیبەت چییە؟ ئەوانیش فەرموویان: خواو پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) باشتر دەزانن، جا فەرمووی: غەیبەت ئەوەیە کەباسی براکەت بکەی بەوەی کە پێی ناخۆشە.

بۆیە لەکۆتایدا ئامۆژگاریم بۆ خۆم وئێوەی ئازیزیش تەوبەو ئیستغفارە لەو تاوانە نەگریسەو گەڕانەوەیە بۆلای خوای گەورە، لەخوای گەورە داواکارین لە هەڵەوکەموکورتییەکانمان ببورێت.اللهم امين.

ئەندازیار : صلاح فائق مردان

[1] بروانە: تفسيرالقرآن العظيم للأمام ابن كثير (٧ / ٢٩٠).

## پرسیار و وەڵامی شەرعی

**پرسیار :** هەرچەندە بخوێنمەوە و لەبەر بکەم لە بیری دەکەم زۆر دڵغە لێ دەدەم ئایا ڕێگە چارە چیە ؟

**وەڵام :** بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

چەند ڕێنماییکت دەکەین بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە :

١ ـ لە خوا ترسان و خۆپاراستن لە تاوانەکان ، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مَخۡرَجٗا ۝٢﴾ [الطلاق] .واتە : هەرکەسێك لەخوا بترسێت و خۆپارێزی بکات لە تاوان ئەوا خوا دەرگای لێدەکاتەوە و لەناڕەحەتی دەری دەکات .

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَتَّقُواْ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّكُمۡ فُرۡقَانٗا ﴾ [الأنفال] .

واتە : ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە ئەگەر ئێوە لە خوا بترسن و خۆپارێزی بکەن لە تاوان ئەوا خوا ڕووناکییەکتان پێ دەبەخشێت کەوا حەق و ناحی پێ جیابکەنەوە لە یەکتر .

٢ ـ دیاری کردنی کات و شوێنی گونجاو بۆ خویندن و خوێندنەوە .

أ / بۆ نموونە باشتر وایە خویندن و خوێندنەوە لە دوای ئەنجامدانی نوێژی بەیانی و دوای نیوەڕۆ و پێش خەوتن و کاتی بێ مەشغەڵەتدا ئەنجامبدرێت .

ب / شوێنێکی پاك و بێ قەرەباڵغی و فێنك هەڵبژێریت .

٣ ـ دوعاکردن و داواکردن لە خوا بۆ بیر تیژکردن و لەبەر کردن .

٤ ـ خواردنی مێووژ .

٥ ـ خوێندنەوەی قورئان و کتێبی بە سوود و بایەخدار وەك گۆڤاری ڕێگای ڕاست و کتێبەکانی زنجیرەی ڕێنماییەکانی ڕێگای ڕاست...

لە لایەن مامۆستا محمد عبدالرحمن وەڵام دراوەتەوە

## Ten Things We Waste

١. Our Knowledge: Wasted by not taking action with it….

٢. Our Actions: Wasted by committing them without sincerity (ixlas).

٣. Our Wealth: Wasted by using on things that will not bring us ajr (reward from Allah). We waste our money, our status, our authority, on things which have no benefit in this life or in (duaroj) hereafter.

٤. Our Hearts: Wasted because they are empty from the love of Allah, and the feeling of longing to go to Him, and a feeling of peace and contentment. In it's place, our hearts are filled with something or someone else.

٥. Our Bodies: Wasted because we don't use them in (ibadah) worship and service of Allah.

٦. Our Love: Our emotional love is misdirected , not towards Allah, but towards something/someone else.

٧. Our Time: Wasted, not used properly, to compensate for that which has passed, by doing what is righteous to make up for past deeds.

٨. Our Intellect: Wasted on things that are not beneficial, that are detrimental to society and the individual, not in contemplation or reflection.

٩. Our Service: Wasted in service of someone who will not bring us closer to Allah, or benefit in dunyaa.

١٠. Our Dhikr (Remembrence of Allah): Wasted, because it does not effect us or our hearts.

Based on a lesson of Imam Ibn Qayyim al-Jawziyyah(www. Islam way.com)